YADNAMA
یادنامە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی (مێژوو ، کەلتوور ، زمان ، یادەوەری ، پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لە خۆدەگرێت.
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان

YADNAMA
یادنامە
بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە

سەرنوسەر و خاوەن ئیمتیاز
سەرکەوتی جیهاز
دەستەی نوسەران
بەختیار شارەزوری
ڕەووف محەمەد ئالانی

ژمارەی ٦٢ تەمووز ٢٠٢٤ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.62.July2024

# بەکوردی دەڵێم : "ت.و.ر.ک " لە من بەرزتر نیە!!

«زەکی ڕەزا باکلان، چەند ساڵ لەمەوبەر لە زیندانی دیاربەکر ژنێکیان هێنا تورکیی باش دەزانی، تورکیی لە من و ئەفسەرەکە و حاکمە سەربازییەکانیش باشتر دەزانی. هەموو جارێك چەندەها سەعات ئەشکەنجەیان دەدا تا وای لێبکەن بە تورکی وەڵامبداتەوە، هەموو شتێکی خراپیان بەرامبەر دەکرد، لێیاندەدا، لاقەیاندەکرد، نینۆکیان دەردەهێنا... شت نەبوو بەرامبەری نەکەن، هێندە جگەرەیان لەسەر مەمك و سمتی کوژاندبووەوە ناویان نابوو تەپڵەکی جگەرە. هەموو جارێك کاتێك دەیانهێنایەوە بەردەمی دادگا و حاکم دەیپرسی «ها تەپڵەکی جگەرە ئێستا دەڵێیت چی؟». کیژەکە دیسان هەر بە کوردی وەڵامیدەدایەوە. ئەوسا دووبارە دەیانناردەوە بۆ ئەشکەنجە. چەندەها مانگ ئاوهابوو، حاکمەکان شێت بووبوون بەدەستییەوە و جەلادەکانیش ماندووبووبوون، ئەویش خۆی گەیشتبووە سەرەمەرگ. جارێك گووتم: بۆ وا دەکەیت، تۆ تورکی دەزانیت، بۆ ئەم عەزابە بەسەر خۆتدا دەهێنیت، جارێك بە تورکی وەڵامبدەرەوە و با ڕزگارت ببێت و بەس بێت. گووتی: عەلی ئیحسان، حاکم لە تۆ باشتر دەزانێت من تورکی دەزانم، ئەو شتێکی تری دەوێت. دەزانێت ئەگەر بە تورکی وەڵامم دایەوە، دان بەوەدا دەنێم ئەو لە ڕەگەزێکی بەرزە و من سەر بە نەتەوەیەکی نزم. حاکمە تورکەکان پەنجا ساڵە لێرە تەنیا بەدوای ئەوەوەن بیسەلمێنن ئەوان لە ڕەگەزێکی بەرزن و ئێمە لە ڕەگەزێکی نزم. کاتێك کوردی قسەدەکەم، دەمەوێت یەك ڕاستیی پێبڵێم، ئەویش ئەوەیە: ئەو لە من بەرزتر نییە».ل 257

عەلی ئیحسان ئاکانسو بۆ زەکی ڕەزا باکلان.
لە ڕۆمانی «داگیرکردنی تاریکی».
بەختیار عەلی
بە سوپاسەوە لە(malmokurd) م وەرگرتوە




# هەڵبژاردن و متمانە

یادنامە

هەڵبژاردن وەک بنەماو ڕێڕەوی دیموکراسی و بنمایەک بۆ دەستاودەستکردنی دەستەڵات و حوکمی گەل ، ئەگەر بەشێوەیە وەک خۆی بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە ئەوا هیچ هێزێک ناتوانێ لەژێر هیچ بیانویەکدا قۆرخی دەستەڵات بکات ، لێرەوە دەبێت ئەوە بزانین کە هەڵبژاردنەکان لە دنیادا دابەش دەبن بەسەر چەندین جۆر ، هەر یەکێک لەو جۆرانە بە پێی مسداقیەت دەکەوێتە خانەیەکەوە ، هەڵبژاردن لە عێراق و هەرێم لە ئێستادا نەک نەیتوانیوە متمانە دروست بکات بەڵکو لە نێوان بازنەی بەتاڵ و نەبونی متمانەدا دەسوڕێتەوە ،متمانە بە هەڵبژاردن تا ئاستی سفربونەوە ڕۆشتوە ، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەکتیڤکردنی دەزگاکانی چاودێری و هوشیاربونی تاک و گوشار دروستکردن لە دەستەڵات بۆ هەڵبژاردنێکی پاک و قبوڵکردنی چەمکی جیاوازی و دۆڕاندن ودەستاودەست کردنی دەستەڵات.




تورکیا تا ئێستا هەزاران هێرشی کردووەتە سەر هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردییەکانی سوریا (ڕۆژئاوا) ... ل٢
تورک چی لە باشوور دەوێت ... ل٣
"عێراق خاکی کوردانە" ... ل٤
سەرووەری مەلاشاخی ... ل٥
مەحوی ... ل٦
داستانی قازان، وانەیەک بۆ شەڕی ناو گوندەکان ... ل٧
ڕۆڵی پەروەردە لە چاککردنی ڕەفتارە نەرێنییەکان ... ل٩
سافرۆن پلیدگەر کچۆڵەیەکی زیرەکی جیهانە ... ل١٠
دواکەوتن لە خوێندن ... ل١١
مرۆڤ و سەردەم ... ل١٢
راسپۆتین..پیاوە شەهوەتبازەکە ... ل١٩
بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان ... ل٢٢

# تورکیا تا ئێستا هەزاران هێرشی کردووەتە سەر هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردییەکانی سوریا (ڕۆژئاوا)




هێزەکانی تورکیا لە نێوان ساڵانی 2018 تا مانگی 6ی 2023 لانیکەم شەش هەزار هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ئەو ناوچانەی سوریا و عێراق ئەنجامداوە کە زۆرینەیان کوردن، بە کۆی گشتی لە ساڵی 2016ەوە مەزەندە دەکرێت 6 هەزار و 500 هێرشی ئاسمانییان ئەنجامدابێت، هێرشەکان بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو زۆرتربوون، هاوکات گەیشتوونەتە قووڵایی خاکی عێراق و سوریا.

ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز شیکاری بۆ ڕووداوە توندوتیژەکان کردووە کە لەلایەن پرۆژەی (ACLED) زانیاریی دیاریکردنی شوێن و ڕووداوەکانی شەڕی چەکداری تۆمارکردووە کە ڕێکخراوێکی توێژینەوەی جیهانییە و ڕاپۆرتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕاپۆرتی حکومی و گروپە ناحکومییەکان و سەرچاوەکانی دیکە کۆدەکاتەوە. ئەم شیکارییە دەریدەخات کە لە ساڵی 2022دا تورکیا لانیکەم 2044 هێرشی ئاسمانی لە ناوچەکانی عێراق و سوریا ئەنجامداوە کە زۆرینەیان ناوچە کوردییەکانن.

بە بەراورد بە ساڵی پێشوو بە ڕێژەی 53% هێرشەکان زیادیکردووە و بەرزترین ژمارەیە لەو کاتەوەی کە کۆمپانیای ACLED لە ساڵی 2017 ەوە دەستیکردووە بە بەڵگەنامەکردنی هێرشەکان لە سەرانسەری ئەو دوو وڵاتەدا.

بەپێی زانیارییەکان و ئەو ڕاپۆرتانەی تا ئەوڕۆکە بڵاوکراونەتەوە بۆردومانەکانی ئەم دواییانەی فرۆکە بێ فرۆکەوانەکانی تورکیا، نەخۆشخانە، مزگەوت و قوتابخانە و شوێنە گشتییەکانیان لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا ( ڕۆژئاوا) کردووەتە ئامانج.

هاوکات بەپێی ڕاپۆرتێکی ساڵانەی ڕێکخراوی تیمەکانی کۆمەڵگەی ئاشتیخوازی (CPT) ئاماژە بەوە دەدات کە هێرشە سەربازییە تۆمارکراوەکانی ساڵی 2022 ژمارەی سەرجەم هێرشە سەربازییەکانی گەیاندووەتە 97 هێرش کە تێیدا لە ساڵی 2015ـەوە تاوەکوو ئێستا سوپای تورکیا لە باکووری عێراق لە نێوان 113 بۆ 140 هاووڵاتی مەدەنی و خەڵکانی چەکداریان کوشتووە و 187 بۆ 215 کەسیش برینداربوون.

لە ساڵی 2015 ەوە، سوپای تورکیا چەندین جار بۆردوومانی کامپی پەنابەرانی مەخمووری کردووە. لە پێنج بۆردوومان لە کۆی گشتی هەموو بۆردوومانەکاندا، 5 بۆ 12 هاووڵاتی مەدەنی کوژراون و 20 بۆ 25 هاووڵاتیش برینداربوون.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی (CPT) هێرش و بۆردومانەکانی ساڵی 2022 بۆ سەر باکووری عێراق کوشندەترین ساڵی بۆردومانەکانی تورکیا بووە بۆ سەر هاووڵاتیانی مەدەنی لە ساڵی 2015ەوە تاکو ئێستا.

ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا لە سوریا یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) دەکەنە ئامانج، کە ئانکەرە ئەو هێزە بە گروپێکی تیرۆریستی سەر بە پەکەکە ناودێر دەکات. یەپەگە بەشێکە لە هێزەکانی سوریای دیموکرات کە هاوپەیمانی ئەمەریکایە لە بەرەنگاربوونەوەی دژی داعشدا.

وەزارەتی بەرگری تورکیا لە بەیاننامەیەکدا بۆ ئاژانسی ڕۆیتەرزی ڕایگەیاندووە، هەموو ئۆپەراسیۆنەکانی دەکەونە چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتییەکان، بە ڕێزگرتن لە یەکپارچەیی خاک و سەروەری هەموو دراوسێکانمان.

ڕۆیتەرز نەیتوانی هیچ لێدوانێک لە پەکەکە وەربگرێت، بەڵام هێزەکانی سوریای دیموکرات ڕایگەیاند هێرشەکانی تورکیا لە سوریا نارەوا و بێپاساون. وتەبێژی یەپەگە ڕایگەیاندووە؛ هێزەکانیان "یەک تەقەیان بە ئاراستەی دەوڵەتی تورکیا نەکردووە".
مەزڵوم عەبدی فەرماندەی گشتی هێزەکانی سوریای دیموکراتیک لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکسەوە دەڵێت " تورکیا ڕۆژانە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا کۆمەڵکوژی و تاوانی جەنگ ئەنجام دەدات".

دوای دوو ڕۆژ لە هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر نەخۆشخانەی سەکێنییە، نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عێراق (یونامی) لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە بە "نیگەرانییەکی زۆرەوە" بەدواداچوون بۆ پێشهاتەکان دەکەن. لە بەیاننامەکەدا، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە تورکیا بکرێت، ئەوەش خراوەتەڕوو "پێویستە ڕێوشوێنی خۆپارێزی پێویست بگیرێتەبەر لەکاتی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا، لەوانەش هێرشە ئاسمانییەکان، بۆ پاراستن و کەمکردنەوەی زیانەکانی هاووڵاتیانی مەدەنی کە زۆرجار تووشی لێکەوتەکانی ئەو جۆرە هێرشانە دەبنەوە."

چوار پسپۆڕی یاسایی بە ئاژانسی ڕۆیتەرزیان ڕاگەیاندووە، پێیانوایە هێرشکردنە سەر ئەو ناوەندە پزیشکییە پێشێلکردنی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتییە و پێدەچێت تاوانی جەنگ بێت، چونکە بەئامانجگرتنی دامەزراوە پزیشکییەکان و چەکدارانی بریندار و هاووڵاتیانی مەدەنی نایاساییە. لە مانگی 7 دا دوو ڕێکخراوی ناحکومی - یەکەی لێپرسینەوە (AU) کە بنکەکەی لە بەریتانیا و ڕێکخراوی ژنان لەپێناو دادپەروەری (WFJ) کە بنکەکەی لە ئەڵمانیایە؛ بەناوی قوربانییەکان سکاڵایان لە لیژنەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان تۆمارکرد و ئاماژەیان بەوەدا کە هێرشەکە پێشێلکردنی مافی ژیانی قوربانییەکانە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی.

دەشڵێن "دۆسیەی قوربانییەکان ئەوەیە بەئامانجگرتنی نەخۆشخانە، کلینیکێکی پزیشکی مەدەنی کە کاریان چارەسەرکردنی خەڵکی ئەو ناوچانەیە و بەدەرە لە هەڵکەوتەی دوژمنایەتییەکی بەردەوام کە تورکیا لە ئێستادا ئەنجامی دەدات، بەپێی یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکان قەدەغەکراوە و هاوکات پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان." تاتیانا ئیتوێڵ، ئەندامی تیمی یاسایی دەڵێت تورکیا تا ئێستا وەڵامی سکاڵاکەی نەداوەتەوە کە ڕەنگە چەند ساڵێک بخایەنێت تا بگاتە ئەنجامێک.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی (CPT) لە ساڵی 2015 ەوە، بەهۆی 12 هێرشی سەربازی ئۆتۆمبێلی مەدەنییەوە، نزیکەی 16 هاووڵاتی مەدەنی کوژراون و 1 لەوانە منداڵ بووە و 10 هاووڵاتی مەدەنی دیکەش برینداربوون کە دووانیان منداڵبوون. زۆربەی هێرشەکان لەڕێی فرۆکەی بێفرۆکەوانەوە ئەنجامدراون، بەڵام هەندێکیشیان لەڕێی چەکی قورسەوە لەسەر ڕێگە دوورەدەستەکان یان ناوچەی نیشتەجێبوونی هاووڵاتییانی مەدەنی ئەنجامدراون.

هاوکات لە دەرئەنجامی یازدە هێرشی سەربازیی سوپای تورکیا لە باکووری عێراق ساڵی 2022 دا، 18 بۆ 20 هاووڵاتی مەدەنی کوژراون کە 6 یان منداڵ بوون، هەروەها 57 بۆ 58 هاووڵاتی دیکەی مەدەنیش برینداربوون. شەش لەم هێرشە سەربازییانەی لە لایەن سوپای تورکیاوە ئەنجامدران لەڕێی تەقە و تۆپبارانی سەربازانی زیاد لە 60 بنکەی سەربازییەوە بوون کە لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و باکوری عێراقدا دایمەزراندوون.

لە ساڵی 2022 دا تەنها لە یەک بۆردومان بۆ سەر سەیرانگەیەک لە یەکێک لە گوندەکانی ناوچە شاخاوییەکان، زۆرترین قوربانی مەدەنی لێکەوتەوە کە لە ساڵی 2015ـەوە هاوشێوەی نەبووە، بەهۆی ئەو بۆردومانەوە 9 هاووڵاتی مەدەنی کوژران کە 6 یان منداڵ بوون و 23 هاووڵاتی دیکەش بریندار بوون؛ قوربانییەکان گەشتیارانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بوون.

لە ئێستادا سوپای تورکیا لەڕێی 60 بنکە و بارەگای دیکەی سەربازی لە باکووری عێراقدا ئامادەیی هەیە و هەندێک لەم بنکە و بارەگا سەربازییانە بە قووڵایی 35 کیلۆمەتر بە ئاراستەی باشووری سنووری نێوان خاکی تورکیا - عێراق دامەزراون.

بەپێی ڕاپۆرتی میدیاکان و شایەتحاڵەکانی ئەو ناوچانە بەهۆی بۆردومانەکانی تورکیاوە هەزاران هاووڵاتی مەدەنی بە ناچاری ماڵ و زێدی خۆیان بەجێهێشتووە. زۆربەی ئەو بۆردومانانە لەنێوان ساڵەکانی 2015 بۆ 2021 ئەنجامدرابوون، لە ئێستاشدا ئەو شوێنانە لە لایەن سوپای تورکیاوە داگیرکراون و کۆنترۆڵ کراون. بە پێی خەمڵاندنی تیمی کوردستانی عێراقی CPT لانیکەم 100 گوند بەهۆی هێرشەکانی تورکیا تەنها لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا چۆڵکراون.

وتەبێژی حکومەتی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند " ماوەیەکە هەوڵی نێودەوڵەتیمان لەگەڵ دۆستەکانمان داوە بۆ ڕێگریکردن لەم پێشێلکاریانەی سەروەری عێراق. بەڕاستی پێشێلکارییە سەربازییەکان ئاسایشی ناوچەکە و نێودەوڵەتی تێکدەدەن و خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی عێراق و تورکیا ناکەن." دەشڵێت "حکومەتەکەمان دەستیکردووە بە دانانی پلانێک بۆ پاراستنی سنوورەکانی عێراق، وەک جێگیرکردنی هەزاران پاسەوانی سنوور و دامەزراندنی لیژنەی ئەمنی هاوبەش هەماهەنگ لەگەڵ لایەنی تورکیا کاردەکەن."

بەڵام تا ئەم سەروەختە نە نەتەوە یەکگرتووەکان نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، نەیانتوانیووە هێرش و بۆردومانەکانی تورکیا ڕابگرن، تەنانەت خودی حکومەتی عێراقیش نەیانتوانیوە بە ڕژدی کۆتایی بە بۆردومانەکانی تورکیا بهێنێت و ڕێگری لە کوشتنی خەڵکی مەدەنی لەلایەن بۆردومان و فرۆکە بێفرۆکەوانەکانی تورکیاوە بکات.

سوود لە ڕاپۆرتێکی ڕۆیتەرز و ڕاپۆرتێکی ساڵانەی ڕێکخراوی CPT و ئێکس
سایتی دەنگی ئەمریکا

# تورک چی لە باشوور دەوێت؟

## سۆران حەمە ڕەش

ئاشکرایە تورک ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو باشور دێت و خاکی باشور داگیردەکات. بەڵام لەملاولا هەندێک دەیانەوێت بەهانە بۆ هاتنیان بهێننەوە. من نامەوێت ئەم بابەتە ورد بکەمەوە لەبەر ئەوەی کە بابەتەکە ڕوونە. بەڵام پەنا بۆ مێژوو دەبەم لەبەر هۆکاری ئەوەی کە ئامانجی سەرەکی نووسینی مێژوو، وانە وەرگرتنە. لە هەزار ساڵی ڕابردوودا خێڵە تورکیەکان ئەم دەوڵەتە کوردیانەی خوارەوەیان لەناوبردووە:

( ئیمپراتۆریەتی ئەیوبی, دەوڵەتی ڕەوادی، دەوڵەتی شەدادی، دەوڵەتی حەسنەوی، دەوڵەتی هەیاری (عەنازی/عەیاری)، دەوڵەتی مەروانی/دۆستەکی، دەوڵەتی هەزەبانی، میرنشینی بەدرخان، میرنشینی بابان، میرنشینی سۆران، کوردستانی سور )٠

لە ڕاستیدا دەیان میرنشینی تری کوردی لەلایەن تورکەوە ڕوخێنراون. زۆر کەس بە هەڵە لە کورد تێگەیشتوون لە سەردەمی ئیسلامدا. عەرەب هەرگیز نەیتوانیوە کورد لاواز بکات، ئەوە لە چاکی خۆیان نەبووە، بەڵکو توانای ئەوەیان نەبووە. سەرەتای لاوازکردنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەگەڵ هاتنی خێڵە تورکیەکاندا ڕوویداوە. لە سەدەی دەیەمی زاینیەوە و لەگەڵ هاتنی خێڵە تورکیە دڕندەکاندا، دەسەڵاتی کوردی یان ڕووخێنراوە یان زۆر لاواز کراوە و هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەوە بەردەوامە. ئەوەی تورک کردوویەتی بەرامبەر بە کورد، فارس و عەرەب ئەو توانایەیان لە وێرانکردن و لاوازکردنی کورد دا نەبووە.

تورک نەتەوەیەکی نامۆیە بەم ناوچەیە و بەهۆی ئەو پێشینە مێژووییە جەنگیەوە، زیاتر ئەهلی کوشتارە وەک لە شارستانیەت. بەڵام لە هەوڵی مانەوە و داگیرکاریدا، توانایەکی تایبەتیان هەیە و هەرگیز ماندوو نابن. ئەوان ئاگادار بوون کە سەردەمانێک باشور بوو بوو بە بنکە بۆ بەشەکانی تری کوردستان. ئەوەش وایکردبوو، خەریک بوو تورک لە خاکی خۆیدا بەرگری دەکرد، بەڵام لەم چەند ساڵەدا یاریەکەیان بە تەواوی گۆڕیوە. جەنگ و بەربەرەکانیەکەیان لە ناو خاکی خۆیان لەم دەساڵەدا کپ کرد و شەڕەکەیان هێناوەتە ئێرە و لە هەوڵی لاوازکردن و دواتر لەناوبردنی بنکە کوردیەکاندان. جگە لەوە لە ڕووی هزریەوە کاریان کردووە و ئامانج و بیر و بڕوای کوردی باشوریان لەڕێگای میدیا و خوێندگە تورکیەکان و چەندین ڕێگەی ترەوە گۆڕیوە. بەشێوەیەک کە بۆ خەڵکی باشور، بابەتی تەنورەی مۆدێلێک یان جنێوی ناشرینی تیتۆکەوانێک ببێتە بابەتی گەرم وەک لە داگیرکاریەکانی تورک. ئەوەی ئەمڕۆ تورک دەیکات، بیست ساڵ لەمەوبەر بیکردایە، شەقامی باشور دەجولا، بەڵام ئەمڕۆ شەقامەکە لە چەندین ڕێگەی جیاوازەوە لە تورکیاوە کۆنترۆڵ کراوە. گەر کۆنترۆڵ نەکرایە، ئایا نەتەوە هەیە لە جیهاندا سەربازی دوژمنەکەی خاکەکەی داگیر بکات و ئێواران زوو بڕواتەماڵەوە، بەرامبەر ئەڵقەی نەتەوە داگیرکەرەکەی دابنیشێت کە ژەهراوی کراون بە پتەورکردنی داگیرکەری. ئایا دەکرێت دوژمنەکەت خاکەکەت داگیر بکات، بەڵام پارە بدەیت منداڵەکەت بخەیتە خوێندنگە تورکیەکانەوە بۆ ئەوەی کە منداڵەکەت هەر لەو تەمەنەوە بە مەزنی دروێنەی تورک و داماوی دروێنەی کورد گۆش بکرێت.


تورک لە نەوەدەکاندا تەنها چەند بنکەیەکی بچووکی هەبوو لە باشور، ئەمڕۆ بنکەکانیان ڕۆژبەڕۆژ فراوان دەکەن و لە هەمان کاتدا بەرژەوەندی ژمارەیەک خەڵکی کاریگەریان لە باشور، بە خۆیانەوە گرێداوە. بەو جۆرە هەموو ئاگادارن کە تورکیا خاکەکە داگیر دەکات، بەڵام هەموو بێدەنگیان هەڵبژاردووە. ئەوەی کە مایەی شەرمەزاریە، یەک ئەندام پەرلەمان بەرامبەر ئەم داگیرکاریە ورتەیان لێوە نایەت.

جا بە کورتی، گەر بە تەمابین جیهان داکۆکیمان لێبکەن ئەوە خەیاڵپڵاوێکی گەورەیە و ئەوەی کە دەبێت ئەوە بکات هەر کورد خۆیەتی. ئەوەی کە کۆبانی ڕزگار کرد هاوکاری جیهان نەبوو، بەڵکو پێش هاوکاری جیهان، ئەو هیوا گەورەیەی خەڵکی داکۆکیکەری کۆبانی بوو کە وای لە جیهان کرد داکۆکی لە کۆبانی بکات. تورکیا دەتوانرێت لەلایەن خەڵکی باشورەوە دەربکرێن، بەڵام دەبێت پێش ئەوە لەو کۆتە هزریە ڕزگارمان ببێت کە ڕێگرە لەوەی کە دەرک بە داگیرکاری و تەعەداکردنی تورک بکەین.

جا ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە تورک چی لە باشور دەوێت. ئەوان لە باشور و لە ڕۆژئاوای کوردستان خەریکی داگیرکاری و لەناوبردنی بنکەی بوونی کوردن. جا پێش ئەوەی کە بەهێز لەگەڵیاندا بجەنگین، دەبێت لە ڕووی هزریەوە خۆمان بگۆڕین، دەبێت هەموو شتێکی تورکی ڕەتبکەینەوە، لەفەرهەنگ و لە خۆراک و لە کاریگەریان، ئەوانە هەموویان گەورەترین کاریگەریان هەیە لەسەر پتەوکردنی داگیراکاری و قبوڵکردنی ئەو تەعەدایە. دەبێت گەورە و بچووک تێبگەن کە ژیان لە ژێر سایەی تورکدا، کۆیلەییە. گەر لەم داگیرکەریە بە ئاگا نەیەینەوە، ئەوە داهاتوومان زۆر تاریکە.

تێبینی: هەندێک بەڕێز دەڵێن چی بکەین وەک سەرەتا؟ بە بۆچوونی من سادەترین کردار کەبکرێت، دانانی وێنە یان بە هەر شتێکە دژی داگیرکاری تورک. دەبێت ئەم داگیرکاریە بکرێتە زەنگی مەترسی نەک ڕووداوی ئاسایی.

با هەر هیچ نەبێت، هەر هێندەی مردنی ڕەئیسی و شەڕی غەزە لە ناوماندا بایەخی پێ بدرێت. با هەوڵی ڕێکخستنی خۆپیشاندان بدرێت، ئەم بێدەنگیە شەرمەزاریە بۆ هەمووماں!





چەند ساڵێک پێش ئێستا لە دەقێکی شیعرییدا بە دایکمم وت:- دایکم لە دۆخی جەستەوە ڕۆشتە دۆخی ڕۆحەوە، لە دۆخی مەجلیسەوە ڕۆشتە دۆخی یادەوەرییەوە، لە دۆخی بزەکانی منەوە ڕۆشتە دۆخی فرمیسکەکانمەوە. تۆ ئەی بوونەوەرە ماندووەکە دایەکە گیان تۆ کەی لە یادم چوویت هەتا یادت بکەمەوە، تۆ خۆت بەمردوویی بۆ هەتا هەتایە لە ڕۆحی مندا بە زیندوویی مایتەوە، منیش بۆ هەتا هەتایە بە زیندوویی لە گیانی تۆدا مردم

بەشێک لە دەقەکە :-

{خەتمی فرمێسک}

کەژاڵ نوری

تۆ مردیت و ئیتر من بەم خەتمی نزا و گریانەوە
تۆ مردیت و ئیتر من بەم هەموو پشتەکۆڵی تاوانەوە
تۆ مردیت و ئیتر من بەم هەموو خشوع و،
زیکری بەردەم یەزدانەوە
تۆ مردیت و من وەک بەخت- یارێکی بێ بەخت
لە چاوەڕوانی هاتنەوەت، تەزبیحەکەت هەڵدەگرم و،
خەتمی بەخت-ە- وەریی دەکەم
کە دەگەمە سەر سەد و یەک
دەنک دەنک بەخت ئەوەرێ و،
پەنجە هەمووی هەڵئەوەرێ و،
پەت ئەبچڕێ و، قەزوان یەک یەکە وردئەبێ و،
زیکر بەتاڵ ئەبێتەوەو، تەزبیح لە دەستم ئەکەوێ و،
خەتم ئەڕژێ و بەرماڵ ئەدڕێ و،
دڵ وەک اسفەلە سافلین گڕ ئەگرێت و،
ئیمان وەکو ڕووی زەردەپەڕ کز کز ئەبێ و،
تاعەت ئیتر قبوڵ نابێ و،
منیش ئیتر دڵخۆش نابم و،
قەت ناگەم بە بەختەوەریی
ئەی ناپرسی دوای مردنت،
بۆچی بەخت هەمیشە لای من وەریووە؟
ئەی نابینی دوای مردنت،
ڕەنگی زەردی ئەم ئاگرە گوناح بارەی تێم بەربووە،
چەند پەڕیووە؟!



# "عێراق خاکی کوردانە"

لەپێش هاتنی ئیسلام بۆ سەر خاکی وڵاتی دووڕووبار (الوادي الرافدين)یەک عارەب لەسەر ئەم خاکە بونی نەبووە.

ئەوەی هەبوە کوردانی لوڕ و فەیلی بون کە خاوەنی خواروی عێراق بون چونکە هەتا هاتنی ئیسلام کوردە ساسانیەکان حوکمی ئەم ناوچەیەیان ئەکرد جگە لەو کوردانە کۆمەڵە خەڵکێکی تری تێدا نیشتەجێ بوو کە کۆیلەی وڵاتانی هندستان و ئەفریقیا و ئەرمینیا بون کە ئێستاش شێوەیان بە ئاشکرا دیارە ئەوانەی هندین ڕەش پێست و لوت باریک و قژ خاون

ئەوانەی ئەفریقیا ڕەنگیان ڕەشی تێر و قژ لولو و کورتەباڵان ئەوانەی ئەرمینیا قژ کاڵ و سپی پێستن.

لەدوای هاتی ئیسلام بۆ ناوچەکە ئەم خاکە لەلایەن عەرەبی جزیرەوە داگیر کراو تەعریب کرا و ئەو کوردانەی عێراق کە ڕێژەیان زیاتر لە 75%ی عێراقی پێک ئەهێنا توانەوە و بون بە عەرەب بە ئێستاشەوە ڕێژەی عەرەب لەعێراقدا لە 17%تێپەڕ ناکات.

عەرەبی جزیرە و عەرەبستان شێوەیان بەئاشکرا دیارە کە لێویان ئەستورە و قژیان لولە و پێستیان ڕەشە و کونالوتیان فشە و پشتە سەریان لاقۆزەیە، کورت پوخت شێوە عەرەبی ڕەسەن ئەسیوبیا و حەبەشەیە، ئەو ڕەنگە کاڵ و جوانەی لەعێراقدا هەیە کە بالایەکی ڕێک و لوتێکی ڕێک یاخود بەرەنی لەگەڵ چاوێکی قاوەی لەگەڵ سەوز و زەرد لەگەڵ قژێکی کاڵ و خاو لەگەڵ قژێکی نیمچەلول شێوە و ڕوخساری کوردەکانە کە لەکاتی هاتنی عەرەبدا توانەوە و بون بە عەرەب.

لێرەدا بۆ ڕاستی قسەکانم دوو نوسەر وەک بەڵگە ئەهێنمەو کە کەسیان کوردنین یەکەمیان ئەولیای چەلەبی گەڕیدەی بەناوبانگی تورک لەساڵی 1635زاینی گەشتێکی بە کوردستانداکردوە و زۆر وەسفی شار و دێهات و داب و نەریتی کوردانی کردوە لەکتێبەکەیدا "سیاحەتنامە"

باسی کوردانی خواروی عێراقی کردوە وتویەتی هەتا بەسرە خاکی کوردە هەروەها جوگرافی ناسی فارس حەمەدالله مستەوافی قەزوینی (1281-1348)زاینی لەکتێبەکەیدا "نزهە القلوب"

لەبارەی کوردستانەوە ئەڵێ کوردستان لە 16ویلایەت پێک هاتوە کە بە ویلایەتەکانی عێراقی عەجەم و عێراقی عەرەبی و خوزستان و ئازربایجان بە دیاربەکرەوە نوساون.

واتا وڵاتی نێوان دووڕوبارەکەی بە عێراقی عەجەمی ناو بردوە کەئەمەش بەڵگەیە لەسەر کورد بونی عێراق،

هەروەها بەشێک لە نامەی گەڕیدەی ئیتاڵی "دێلا ڤالێ" لەسەر کورد ساڵی ١٦١٧ز کە لە کوردستانەوە بۆ مامۆستاکەی نوسیوە لە ئیتالیا. ئەڵێ:

* سنوری کوردستان لەنزیک بەغداو سوسەوە دەست پێدەکاو دەگاتە موسڵ ، واتا نەینەوا و وڵاتی مادو ئەرمەن تا سەر دەریا ناوی عێراق لە شاری ئورکی سۆمەریەوە وەرگیرەوە کە دەیان و سەدان بەڵگە لەسەر کوردبونی سۆمەریەکان هەیە.

لەکاتی دروست بونی عێراقی نوێدا لەساڵی 1921 ئنگلیز داوای لە عەرەبەکان کرد کە بۆ زۆر بونی ڕێژەی عەرەب هەوڵبدەن عەرەب لەوڵاتانی ترەوە بهێنن بۆیە ئەمانیش هەستان عەرەبی شروگی و شەمر وبەدویان هێنا کە پێشتر وەک کاولی وڵاتیان نەبوو وشتر لەوان بون و ئەم وڵات و ئەو وڵاتیان ئەکرد و لەژێر خێمدا بون بۆیە عێراق لەچوار چین خەڵک پێکدێت:

1- عرەبی جزیرە
2-عەرەبی کاولی بێ وڵات و بێ خاک
3-عەرەبی کۆیلەی هند و ئەفریقیا
4-عەرەبی مستەعرەب کە کوردن

بۆیە هەتا ئەمڕۆش بە ئاشکرا لەڕواڵەتی خەڵکی عێراقدا سیمای کاولی بون و کۆیلایەتی پێوە دیارە.

ناوی ئەو هۆزە کوردیانەی کە بونەتە عەرەب و ڕەچەڵەکی خۆیان لەبیر کردوە:

1-بني اسد -تیرەی شێرزادی،زەنگەنەن
2-الدليم -دەیلم -دوملی -دمبلی هەموی یەک ناو و یەک هۆزە و -کوردی زازان
3-الخزعلي-خزڵی- لوڕ
4-الكروي-کەرۆی -گۆران



Source gallica.bnf.fr / Bibliothèque nationale de France




5-القيسي -قەیسەوانی-گۆران
6-النداوي -کوردی لوڕن
7-الزهيدي -زەندیەکانن
8-الطائي -دووبەشن بەشێکیان باجەڵانن بەشی دوەمیان هۆزی نۆگریە کەبە نازریش ئەناسرێ
9-الجبور - سێ بەشن بەشێکیان عەرەبە بەشێکیان هۆزی جموری ماچۆ زمان و بەشەکەی تر هۆزی گەورەی خۆشناون
10-اللامي - کوردی ئیلامن
11-الربيعي -هۆزی ماسپی
12-الجوراني -گۆرانن
13-المحلمي- کوردی باکورن
14-البدري -هۆزی بەیری
15-الدراجي -سەربەهۆزی مەنمی ن
16-شوهاني -هۆزی گەورەی شوانن
17-الجادري -جایرەوەن
18- الوردي -گوڵگوڵی
19- الداودي - هۆزی داودە
20-النوروزي-نەورۆزەوەند
21-الشادلي-شادلەوەند
22-الازرقي -زەرگۆش
23-ماهر خضوزي-هۆزی گاوری
24-القاتلي -قەیتولی
25-المالكي-مەلەکشاهی -بڵباسن
26-الكناني-خەتاوی
27-ال موسي-مامۆسی
28-البياتي- پاپی ڕوان -کوردی لوڕن
29-المياحي-مێمی
30-البكري -باکیرەوەند
31-العباسي-دینەوەری

ئەو نەخشەیە ساڵی ١٨٣٢ لە لایەن جۆن مەک دۆناڵد کینێر (J. Macdonald, Kinneir )ەوە لە شاری لەندەن ئامادە کراوە و لە کتێبخانەی نیشتمانی فەرەنسایە، لێرەشدا دەردەکەوێت کەوا وڵاتی نێوان دووڕوبارەکەی بە عێراقی عەجەم یانیش بە میدیا ناو براوە، نەخشەی دووەمیش لەلایەن تورکیاوە کێشراوە.

(کارۆخ عوسمان داودی)

# سەروەری مەلاشاخی

شەهید قاسم عەبدوڵا عەبدوڵا
خەڵکی گوندی کەڵوڕ بوو.
ـ یەکێک لەرێکخستنە نهێنیەکانی
یەکێتی بوو لە شاری کەرکوک.
ـ لە ساڵی ١٩٨٥ زیندانی دەکرێت..
پاش ئەوەی هیچ نادرکێنێت
ئازاد دەکرێت.
ـ ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەڕین دەکات
دەبێتە پێشمەرگە لە دەستەی
پارێزگاری بارەگای کۆمیتەی بنەسەراوە
ـ لەساڵی ١٩٩٣ دەچێت بۆ
سنووری شارۆچکەی ڕەواندوز ..
ـ بەداخەوە چۆن ڕۆیی نەگەڕایەوە.
ڕوحی شاد.



# داگیرکەر



قوباد جەلی زادە


1

لە ئێوارەوە تا سپیدە
ئەستێرەکانی ئاسمانم ژماردن
تا بزانم کامیان زۆرترن
ژمارەی ئەستێرە
یان ژمارەی پێشمەرگە
چوومە ناو دارستانێکی چڕ
یەکە یەکە گەڵای درەختەکانم ژماردن
تا تێبگەم
کامیان پترن
ژمارەی گەڵا
یان ژمارەی گەریلا
ڕووبارێکی دووردرێژم دڵۆپاند
قل قل دڵۆپەکانم ژماردن
تا دڵنیابم ئاخۆ،
ژمارەی کامیان زیاترە
ژمارەی دڵۆپ
یان ژمارەی شەرڤان
لەشەوێکی ئەنگوستەچاوا هەموو گورگەکانی دنیام
ژماردن
ژمارەی داگیرکەر زیاتر بوو
لە ژمارەی گورگ.!

2

دەستم تەرخان کردووە بۆ چەپکە گوڵ
پنتێکم هێشتۆتەوە بۆفیشەک
-فیشەکێ بۆ نێوچاوانی داگیرکەر
چاوم تایبەتە بۆ بینینی نیشتمان
سوچێکم هێشتۆتەوە بۆ مۆرە
-مۆرە لە داگیرکەر
دڵم لێوان لێوە لە ئەڤین
خاڵێکم هێشتۆتەوە بۆ ڕق
-ڕق لە داگیرکەر
دەم پڕە لە گۆرانی
گۆشەیەکم هێشتۆتەوە بۆ تف
-تف لەداگیرکەر
داگیرکە نەبوایە من
فیشەک و
مۆرە و
ڕق و
تفم نەدەناسی!

# مەحوی



ناوی مەلا محەمەدی کوڕی مەلا عوسمانی باڵحییە لە نەوەی پیر و زانای ناودار (شێخ ڕەش) . باپیریشی وەک باوکی ناوی مەلا عوسمان بووە و وەک شێخ مارفی نۆدێ لەگەڵ درووستکردنی سلێمانیدا هاتۆتە شاری نوێوە. (باڵح) یش دێیەکە لە ناوچەی (ماوەت) لە شارستانی سلێمانی. مێژوونووسی کورد، (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) دەڵێت لە ساڵی1252ی کۆچی (1836 1837ی زاییینی) دا لەدایک بووە. مامۆستا عەلائەددینی سەجادیش دەڵێت لە ساڵی 1830 (1246 ی کۆچی) دا لەدایک بووە. کاکەی فەلاحیش دەڵێت لە 1247ی کۆچی (1831 1832 ی زاینی) دا لەدایک بووە. باوکی خەلیفەی شێخ (عوسمان سیراجەدینی) تەوێڵە بووە. حەوت ساڵان بووە خراوەتە بەر خوێندن و ماوەک لای باوکی خوێندویەتی. بۆ خوێندن چووەتە شاری (سنە) و (سابڵاغ) یش و لای مەلا (عەبدوڵڵای پیرەباب) خوێندویەتی. پاشان گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لای ناودارەکانی ئەو ناوچەیە خوێندویەتی. ئەو جا چووە بۆ (بەغدا) و بووە بە فەقێی زانای بەناوبانگی کورد (مفتیی زەهاوی) و ئیجازەی مەلایەتیی لای ئەو وەرگرتووەە. دیسان مامۆستا عەلائەددین سەجادی دەڵێ پاش ئیجازە وەرگرتنی لە ساڵی 1859ی زاینی دا بووە بە مەلای مزگەوتی ئیمامی (ئەعظەم) لە (بەغدا) ، بەڵام لە ساڵی 1862ی زاینی دا بەغدای بەجێ هێشووە و گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و بووە بە ئەندامی دادگا. لە ساڵی 1868ی زاینی دا بەهۆی مردنی باوکییەوە دەستی لە کاری میری کێشاوەتەوە و بوەتەوە بە مەلا و دەستی کردووە بە وانە وتنەوە بە فەقێکان. (مەلا حەسەنی کوڕی مەلا عەلیی قزڵجی) و (مەلا مەحمودی مەزناوەیی) و (مەلا سەعید ئەفەیدیی نایب ئۆغڵیی کەرکووک) و (مەلا عەزیزی موفتیی سلێمانی) لە بەناوبانگترینی فەقێکانی بوون. هەر بە ڕێچکەی باوکیا ڕێگای تەریقەتی گرتووەتەبەر و بووە بە خەلیفەی شێخ (بەهائوددین کوڕی شێخ عوثمانی) تەوێڵە.




گۆڕی مەحوی

وەک مامۆستا (شێخ محەمەدی خاڵیش) لە (مفتی زەهاوی) یەکەیدا نووسیویەتی، (مەحوی) لە ساڵی 1291ی کۆچی بەرانبەر بە (1874 1875ی زاینی) دا لەگەڵ چەند مەلایەک لە سلێمانییەوە نەفی کراوە بۆ بەغدا. ناوبرا و هیچی تری لەبارەی ئەم دوورخستنەوەەو هۆیەکەی و چۆنییەتیی گەڕانەوەی مەحویەوە لەوەوپاش بۆ سلێمانی، نەی نووسیوە.

(مەحوی) ، لە ساڵی 1883ی زاینی دا بە پێی قسەی مامۆستای (سەججادی) چووە بۆ حەج و لەوێوە چووە بۆ ئەستەمبوڵ و لە ڕێگای پیاوماقوڵانی کوردەوە لە ئەستەمبوڵ چاوی بە سوڵتان (عەبدولحەمیدی عوثمانی) کەوتووە. سوڵتان ڕێزێکی زۆری لێ گرتووە و فەرمانی داوە خانەقایەکیان لە سلێمانی بۆ کردووەتەوە کە ئەوەتە ئێستا بە (خانەقای مەحوی) بەناوبانگە. مووچەیێکیشی بە ناوی خزمەتی کردنی هەژارنەوە بۆ بڕیوەتەوە. کە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی تا مردنی لە سەرەتای شەشەڵانی1324ی کۆچی (تەشرینی یەکەمی 1906) زاینی دا.

هەر خەریکی دەرسیوتنەوە بوو بە فەقێکان و بڵاوکردنەوەی ئایین وخزمەتکرنی موسڵمانان و بڵاوکرنەوەی گیانی سۆفیەتی بووە. لە یەکێ لە ژوورەکانی خانەقاکەی خۆیدا بە خاک سپێراوە.

کوردپیدیا

به دەم مەوجی خوێنی ئەشکەوەم، بڕوانە چۆنم بۆت!
دەروونم کەیلی زووخی دەرد و غەم، بڕوانە چۆنم بۆت!
ڕەقیبی سەگ حەزی بوو، کوشتمت، سەیری کە چۆنی بۆم
دوعا بۆ دەست و تێغت من دەکەم، بڕوانە چۆنم بۆت!
بە غەدداری نە وەک ناوت بەرن، بمئەنجنی، قەت من
شکاتی جەوری تۆ بەر کەس دەبەم؟ بڕوانە چۆنم بۆت!
هەناسەی ئاگرینم بردەوە بەر، تا دەروونم سووت
بە ناڵە تا دڵت سەخڵەت نەدەم، بڕوانە چۆنم بۆت!
بیانوو بگرە، شێوەی خۆت بشێوێنە بە من کوشتن
وەها چاوی بەدت لێ لا دەدەم، بڕوانە چۆنم بۆت!
بە ئاوی گریە هەر دەم ناوی چاوم ششتووە، نەک جێت
بە خوێن ئاغوشتە بێ، تۆ، چاوەکەم، بڕوانە چۆنم بۆت!
غەمی خۆشی نیە مەحوی لە دڵیا، هەر غەمی تۆیە
لە عیشقتدا دەکەم غەم بۆ بەغەم، بڕوانە چۆنم بۆت!

مەحوی



# داستانی قازان، وانەیەک بۆ شەڕی ناو گوندەکان

## بەشی / 180 ن : فەریدون غەریب

کامەرانی مام عومەر، حمە شوکر علی بلوکێنی، مامۆستا عبدولخالق (ئاسۆ)، عبدولخالق عبدوڵا (چیا)، لەباخچەکانی گوێ دۆڵەکەدا، یەک بەدوای یەکدا خوێنی ئاڵیان دەڕژێتە ژێر دار چوالەکان.. لەتەنگەبەری بەر ئەشکەوتەکان و کۆتایی دۆڵەکەشدا دەبێتە شەڕی دەستەو یەخەو دوای کوژران و بەردانەوەی لاشەی چەند خۆفرۆشێک و بریندار بونی قالە فەرەج، ئەنوەر حەسەن فەرماندەی هەرێمی دووی کەرکوک و نەجمەدین فاتح (شیروان)، جومعە حەسەن (سیروان)، نوعمان عبدوڵا (هاوڕێ) و حەمەساڵح حوسێن (سوارە)، بەگوللەو ڕۆکێتی جاش و کۆپتەر دەپێکرێن و شەهید دەبن، جگە لەڕزگار جلال هەموو پێشمەرگەکان لەدۆڵەکەی پشتی ناودیدا شەهید دەبن... ژنێکی خەڵکی گوندەکە بەناوی ڤاتمەو چەکدارێکی گیراویش، کەشەوی پێشوتر مەفرەزەکەی شێرزاد لەگەڵ دوو کەسی تردا گرتبویان شەهید دەبن..

شێرزاد حافز و بەکر تەلانی و مام عومەرو شێخ سەلام کۆزەبۆرەیی و چەند پێشمەرگەیەکی تر بەسەختی بریندار دەبن.. شێخ سەلام و مام عومەر هەریەکەو براو کوڕیان شەهید دەبێت.

بەکر تەلانی نزیکەی چل پارچەو فیشەکی بەردەکەوێت و ڕۆژی تەواو نابێت، بەحاڵێک بەنوسین وەسف ناکرێت لەدارە مەیتێکدا دەیگەیەننە سەرگەڵوو..

گوندەکانی قازان و گەبەو گولیجە بەهۆی داخران و نەبوونی ڕێگای کشانەوەو دابڕان و دوریان لەچەمە چڕەکەی خوارەوە، بۆ شەڕی پێشمەرگەو پارتیزانی ناشێن! هەر بۆیە مانەوەی زۆر لەشوێنێکی واداو و هەڵبژاردن و لەداوخستنی پێشمەرگە لەسەرەتای شۆڕشدا هەڵەی کوشندەی پێشمەرگەو لێزانی مەفرەزەکانی سەربە ئیستخباراتی عەسکەری بوو!! پێش شەڕی قازان و کۆتایی حەفتاو سەرەتای هەشتاکان، دەیان کەرت و مەفرەزەی یەکێتی و حزبی شیوعی و بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، کەوتبونە نێو بۆسەی ئەو مەفرەزانەوە، کەلەدوو لاوە ئاراستە دەکران و ڕەگو ڕیشەیان بۆ شەڕی مەلایی و جەلالی دەگەڕایەوە : لەناوچەی ماوەت و دری و قامیش، ئەحمەد فەتحوڵاو هاوڕێکانی، حەمە غەفور ئاغجەلەری و دەستەیەک پێشمەرگە لەخەوداو، کۆمەڵێک پێشمەرگە لەگوندی مۆرخواردەو دەیان پێشمەرگەی حزبی شیوعی لەگوندی بۆڵقامیش و..... سەدان پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ، کەوتنە نێو گەمارۆی نابەرانبەری جاش و سوپاو ڕاوی کۆپتەرەکان!!

بۆ مێژوو بائەوەش بڵێین : ئەوە مامە ڕیشەو هەڵۆ چەمچەماڵی بوون ستراتیژی شەڕیان لەم تێکەوتن و شکستانەوە، گۆڕی بۆ شکست پێهێنانی دوژمن، کەچی خۆشیان هەربەپیلانی ئیستخبارات و جاشە خائینەکان لەناوچوون.. دوای شەڕی قازان و لەکاتی گەمارۆی هاوشێوەدا، لەجیاتی جێهێشتنی گوندەکان، ناو گوندەکانیان کردە سەنگەری بەرگری و سەرکەوتوبوون، کەچەکی BKCیش پەیدا بوو هاوسەنگی هێز بۆ بەرژەوەندی هێزی پێشمەرگە باشتر گۆڕا..

ئەو پێشمەرگانەیی دایانە دۆڵەکەی پشتی ناودێ، لەهەموو لایەکەوە جاشەکان لەبەرزاییەوە بەسەریدا زاڵبوون، بەخوێنی خۆیان شەڕی نەمانیان کردو برینێکی سارێژنەبویان خستە جەستەی برینداربووی میللەتەکەمانەوە، کەسارێژکردنی ئاسان نەبوو..

گێڕایانەوە ؛ تەرمی خوێناوی و هەلا هەلاو، پشتوێن و جلوبەرگی دڕاو سوتاوی ئەنوەر حەسەن و هاوڕێکانی لەبەردەم مزگەوتەکەدا ڕیز کرابوون، هەر وەک ئەو ڕۆژەی سوپای یەزید تەرمی ئیمام حوسێن و خزم و هاوڕێکانی لەدەشتی تینووی کەربەلادا بەسەرو لاق و دەستی پەڕیووەوە ڕاکێشابوو..

بەشێک لەبریندارەکانی شەڕی قازان

شێرزاد حافز



شێخ سەلام کۆزەبۆرەیی



شەهید مام عومەر



مام بەکر تەلانی





ئەنوەرو هاوڕێکانی وەک هەزاران کوردی موسوڵمانی مەزڵومی ئەنفالی بەدناو، بێ شۆردن و کفن و دفن، بێ ئەوەی مەلای ئاینی گوند نوێژیان لەسەربکا لەکۆپتەرەکان بارکران و بەجلوبەرگی خوێناویەوە لەگۆڕێکی بەکۆمەڵدا شۆفڵەکان کردیانن بەژێر خاکەوە..

چەمچەماڵیەکان لەشەوداو بەدزیەوە دەریان دەهێننەوەو هەندێکیان بۆ زێدی خۆیان و، ئەنوەر حەسەن و ڕزگار جەلال و چەمچەماڵیەکانیان لەگۆڕستانی شێخ سەعید بەخاک سپارد..

لەم شەڕەدا پۆلای موهەندیس و کەریم چەمچەڵی و ئەحمەدی کوێخا جەلال تەرەقە، یەک دوو پێشمەرگەی تر بریندار نەبوون، پێچەوانەی شەهید ئەنوەرو ئەوانیتر بەرەو بەرزایی و شوێنی حەرەسەکە دەچن، پۆلا لەئێوارەدا یەکێک لەسەرۆک جاشەکان کەپەستەکێکی سوری لەبەردا دەبێت بریندار دەکاو لەگەڵ ئەحمەدی کوێخا جەلال دوای ئەوەی فیشەکیان پێنامێنێت دەچنە گوندی گەبەو ماڵی شەوکەتی مام دەروێش، جارێکیترو لەشەودا بۆ سۆراغی شەهیدەکان لەگوندی گەبەوە دێنەوە قازان و دواتر بریندارەکان ڕەوان دەکەن.

بۆ قەرەبوو کردنەوەی بەشێکی ئەو خوێنە کەرتی ڕێکخستنی چەمچەماڵ و پۆلای موهەندیس کەهاتە شوێنی شەهید هێمن، داوای خوێنی تازەیان لەشانە سەرەکیەکەی ئێمە کرد! پێشمەرگە بنێرینە دەرەوە ؛ لەو کاتەدا ڕزگار عبدوڵا حەمە علی (هەژار)و عوسمان غەریب (ڕێبین) و عبدولرزاق کریم( زانا) و مولود حەمەئەمین (دانا)و غریب عزیز(هەڵمەت)و لەتیف ڕەشید(توانا)و حامید ئیسماعیل (نیاز)مان بەدوای یەکدا ناردە دەرەوە، بۆ جێگرتنەوەی پێشمەرگە شەهیدەکان.. ئەم هاوڕێیانەی باسم کردن لەبەرئەوەی ئەندامی ڕێکخستن بوون هەر زوو جێگای خۆیان کردەوەو پێشمەرگەی خاوەن بیرو باوەڕو ئازایان لێدەرچوو..

لەدوای ڕاپەڕین شکۆی شەهیدانی قازانمان لەگەڵ هاوڕێکانمدا لەمەراسیمێکی ماتەمینیدا لەئۆردوگای زۆرەملێی پیرەمەگروون بەرز ڕاگرت و ئەو پۆستەرەی هەموان لەیادکردنەوەی سالآنەی شەهیداندا دایدەنێن، بەهاوکاری خەلیل حەمەئەمین گەبەیی، دوای کۆکردنەوەی وێنەکانیان، ساڵی ١٩٩٣ دروست کرد!! ئێستاش دوای ٤٢ ساڵ ڕۆحی زیندوی پیاوانێک ڕادەژەنم کەفیدای کوردستان و ئازادیان کرد، کەچی فەرهودچیەکانی نیشتمان لەسەردەمی ئازادیدا، پارێزگاریان لەبکوژانی ئەو ڕۆحانە کردو بەپلەی بەرز خانەنشینیان کردن بەرزترو زیاتر لەشەهیدەکانی نیشتمان!!

تێبینی/ بەشی چوارەمی ماوە.....






**وێنەکانی خوارەوە:**

**یەکەم/ وەستاوەکان لای ڕاستەوە: ڕزگار عبدوڵا. شەهید خاڵە سەربەست. شەهید کۆسرەت شیلەخانی. خەڵکی گوندی عەسکەر. دانیشتوەکان : عوسمان غرب. غەریب عەزیز**

**دووەم/ حامید ئیسماعیل. شەهید حەسەن حەیدەر هەڵۆ. ڕزگار عبدوڵا. عوسمان غەریب.**

# ڕۆڵی پەروەردە لە چاککردنی ڕەفتارە نەرێنییەکان

ڕەوف محەمەد ئالانی



(ژیری وەک چەتر وایە، تەنها کاتێک کاردەکات کە کراوە بێت - تۆماس دیۆر)

هەموو ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ، زادەی وەرگرتن و فێربوونن، دەکرێ لە ژینگەیەکی لەبار و تەندروستدا بیرکردنەوە و ڕەفتاری باش ببینین، بەپێچەوانەشەوە لە ژینگەی خراپ و دوور لەڕەچاوکردنی هەنگاوە باشەکان، ڕەفتاری نەرێنی و خراپ ڕەنگدەداتەوە.

لە شێوازی دیاریکردنی ئاراستەی باشەکان یان خراپەکاندا لەسەر ڕەفتارەکانی تاک، پەروەردە ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاوی هەیە، بۆیە دەکرێ بە چاوی گرنگی پیدان و پڕ بایەخ و نرخاندن لێی بڕوانرێت.

زۆرجار لەسەر کۆمەڵگەی پێشکەوتوو یان دواکەوتوو باس دەکرێت و پۆلێن دەکرێن، لەسەر یەکێک لەو دوو ئاراستەیە دادەنرێن، بۆ ئاراستە باشەکە دەڵێن ئەو کۆمەڵگەیە زۆر خۆشبەختن، بەڵام بۆ ئاراستەکەیتر کە خراپەکەیە دەڵێن ئەو کۆمەڵگەیە زۆر نائارام و توندوتیژن و ناشارستانین.

ئەمانە هەمووی پەیوەندی بە فەلسەفە و جۆری پەروەردەکەیانەوە هەیە، دیارە دروست بوون و بەدیکردنی ڕەفتاری نەرێنیش ڕاستە بەشێوەیەکی گشتی پەروەردە، کاری لەسەر دەکات بەڵام زۆر هۆکار بوونیان هەیە تا ڕەفتارەکان دەبن بە نەرێنی، بەتایبەت لە ناو منداڵاندا ، هەر ئەو ڕەفتارانە ئەگەر ئاراستەکەیان نەگۆڕێ لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن هاوتەریب ڕەفتارەکەش لەگەڵیدا گەورە دەبێت، پێش دەستنیشانکردنی هۆکارەکان، بەباش وپێویستی دەزانم، ڕەفتاری نەرێنی بناسێنین.

ڕەفتاری نەرێنی بریتین لە و کار و هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەی کە لەڕووی پێوەری کۆمەڵایەتی، پێچەوانەی داب و نەریت و یاسای کۆمەڵگەن و لای خەڵک بە نامۆو نەگونجاو سەیر دەکرێن.

نمونەی ئەو ڕەفتارانە(دزیکردن، درۆکردن، دەمپیسی(جنێو و وتەی ناشیرین)، داوێن پیسی(دوورکەوتنەوە لە ئاکار)، توندو تیژی و شەڕەنگێزی(ئازاردانی کەسانیتر)، (بوهتان - بوختان) واتە هۆنینەوەی درۆی هەڵبەستراو بۆ کەسانیتر، ....... هتد).

ئینجا هەندێک لەو هۆکارانە دەخەمە بەرچاو کە دەبنە دروست بوونی ئەو ڕەفتارانەی کە نەرێنین:

١-خراپ مامەڵەکردنی دایک و باوکی منالّ و گرنگی نەدان بە پەروەردەی دروست، یان نەشارەزایی و کەمتەرخەمی

٢-توندو تیژی و ناکۆکیەکانی دایک و باوکی منالان لەبەرچاوی ئەواندا، چونکە ئەو ڕەفتارە ئەگوازرێتەوە بۆ منالەکانیان

٣-سۆز و نازی زۆری دوور لە پلانی پەروەردەیی

٤-جیاوازیکردنی منالان لەلەیەن دایک و باوکیان، بەوەی یەکێکیان بچوکترە نازی زۆرتر بدەنێ یان ئازاردانی یەکێکیان لە بەرچاوی ئەویتر لەسەر کارێک و ڕەفتارێکی هەڵە، ئەوەش پێویستی بە مامەڵەی پەروەردەیی و زانستی هەیە، نەک لێدان و توندوتیژی

٥-وەرگرتنی ڕەفتارێکی نەرێنی لەدەرەوەی خێزان و ڕاستنەکردنەوەی هەڵەکە

٦-مامەڵە کردنی منالّ وەک گەورە و دوورخستنەوە لە جیهانەکەی خۆی

٧-نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان قوتابخانە و خێزانەکان، چونکە لەو کاتەدا هۆکاری ڕەفتارە نەرێنیەکە نازانرێ و ناتوانرێ ئاراستەکەی بگۆڕدرێت بۆ ئەرێنی

ئەوانەی سەرەوە بەشێکی گرنگ و کاریگەرن لەسەر هۆکاری دروست بوونی ڕەفتاری نەرێنی، هەر یەکێک لەو خاڵانەی سەرەوە دەکرێ کاریان لەسەر بکرێت و بەرنامە و پلانیان بۆ دابنرێت هەموو ئەو ڕەفتارە نەرێنیانە بکرێن بە ئەرێنی و ڕەفتاری باش و بەجێ، بۆ ئەو کارەش تەنها پێویستە کار لەسەر پەروەردە بکرێت.

بۆ ئەم مەبەستەش ماندوو بوون و هێز و ئیرادە گرنگە، وەک (تۆماس جێفرسۆن)دەڵێت: (من باوەڕێکی بەهێزم بە بەختەوەری هەیە، دەبینم تا زیاتر لە کارەکەمدا ماندووبم، دەستکەوتی زۆرترم دەستدەکەوێت).

ئەکرێ ئاماژە بە لایەنێکی گرنگ بدەین کە ئەویش هەڵەکردنە، چونکە هەموو مرۆڤێک هەڵە دەکات و هەڵە بە تاوان دانانرێت، چونکە لە ئەنجامی هەڵەکردن ڕێی ڕاست ئەدۆزرێتەوە و هەست بە بوونی هەڵەکە دەکرێت و ڕاستە ڕێکە دەردەکەوێت.

هەر بۆیە (ویلیام ڕاندۆڵف هێرس)وتویەتی: (گەورەترین ماف مافی هەڵە کردنە) لەمەوە دەردەکەوێت ئاکام و گەیشتن بە کردن و ئەنجامدانی ڕەفتاری ئەرێنی، ڕاستکردنەوەی هەڵەکانمانن.

لە ناو پرۆسەی پەروەردەدا دەکرێ پلان و بەرنامەی گونجاوی پەروەردەیی بۆ ڕەفتارەکان دابنرێت و توێژەرانی دەروونی و مامۆستایان بەباشی ڕابهێنرێن لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی ڕەفتاری نەرێنی وەرگیراو ئەنجام دەدەن، ئەو تاکەی هەڵە ئەنجام دەدات و ڕاستناکرێتەوە، وا دەزانێ ئەو ڕاستە و ئەوانیتر هەڵەن، لەسەر ئەم شێوازە لە کۆنەوە وتراوە:(مرۆڤە ژیرەکان لە هەڵەی کەسانی ترەوە فێر دەبن، لە کاتێکدا گەمژەکان لە هەڵەکانی خۆیانەوە فێر دەبن).

# بەزمی ساڵانەی ناپەروەردەییەکان

جیهاد محەمەد



یەکەمەکان
دووهەمەکان
زیرەکەکان
تەمەڵەکان

ئەم بەزمە ناشیرینە هەموو ساڵێک دەستپێدەکاتەوە. هەموو ساڵێک ئەو خێزانانەی منداڵیان دەگاتە شەشی ئامادەیی ئیتر تووشی دەیان دەردەسەری و نەخۆشی دەبن. ساڵیان لێ دەبێت بە ساڵی جەنگ و کێبرکێیەکی بێ مانا و پووچ. دەبێت لەو ساڵەدا بایکۆتی ماڵە خزم و کەسوکار بکەن و هەمیشە ماڵەکانیان کپ و بێدەنگ بێت تا منداڵەکەیان بتوانێت زیاتر چاوی خۆی کوێر بکات. بۆ ئەوەی نەبێت بە جێگەی تانە و تەشەری خزمان، چونکە ئەوە بۆ هاوسەرگیرییشی خراپە.

ئەو خێزانانەی ناتوانن مامۆستای تایبەتی بۆ منداڵەکانیان بگرن تا وانەی تایبەتیان پێ بڵێنەوە. دەبێت بە ئازاری دڵ و دەروونی خۆیان و منداڵەکانیان.

ئەو خێزانانەی دەوڵەمەندن و پارەی زۆر دەدەن بە مامۆستا تایبەتی منداڵەکانیان خۆیانی پێوە فش دەکەنەوە و خۆیان ڕادەدەن گوایە منداڵەکەیان (زیرەک)ە.

کاتێکیش هاتە سەر ئەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوە ڕاگەیەندرا. ئەم هەواڵە لە ڕادیۆ و تیڤی و ڕۆژنامەکان بڵاودەکرێتەوە. دەبێت بەتەلەفوون و تەلەفوونکاری ناو خێزانەکان، ئەوی نمرەی باشی هێناوە. دیاری بۆ دەبرێت و پیرۆزبایی لێ دەکرێت، ئەوانەشی نمرەی کۆلێژە بە حساب (باش)ەکانیان نەهێناوە، دەبێت بەداخ و خەفەت، وەک ئەوەی منداڵەکەیان تەواو پاشەڕۆژێکی ڕەشی هەبێت و هەموو دەرگاکانی ژیان لەسەری داخرابێت.

لەولاشەوە سەرۆکی حکومەت و وەزیری پەروەردە و سەرۆک حیزبەکان هەریەکە لای خۆیەوە بە پەلە دەکەونە ناردنی پیرۆزبایی بۆ یەکەمەکان.

ئەم حاڵەت و دیاردەیە هیچ نییە تێنەگەیشتن نەبێت لە بەهای پەروەردە و فێربوون. لایەک لە کوردستان داگیرکراوە. دەیان هاتوهاواری خەڵک گوێ کەڕ دەکات لە تاو بێ ئاویی و بێ کارەبایی و دەیان نادادپەروەرریی و نایەکسانیی، کەچی هەمووی بیردەچێتەوە و باس دەبێت بە باسی ئەنجامی تاقیکردنەوەی شەشی ئامادەیی.

لە لایەکی تریشەوە مامۆستایانی فێرگە حکومیی و ناحکومییەکان هەر ئەوەیە دەست نادەنە یەخەی یەکتری دەیان جار یەکتری تاوانبار دەکەن و دەبێت بە زەم و زەمکاری یەکتری.

ئەمساڵ خێزانێکی کورد لە بەریتانیا(ماڵی کاک بەهادین مەلا عارف) هەردوو کوڕەکەی نمرەی زۆر بەرزیان هێنا، بەڵام چونکە لە بەریتانیا باسی زیرەکی و تەمەڵی نییە، چونکە جیاوازی کۆلێژی پزیشکیی و هیچ کۆلێژێکی تر نییە، هەردوو کوڕەکەیان بە ئارەزووی خۆیان کۆلێژی تریان هەڵبژارد و نەچوونە کۆلێژی پزیشکیی.

هیوادارم وەزارەتی پەروەردە ئەم حاڵەت و دیاردە نەخوازراوە بنەبڕ بکات بۆ ساڵا ی دواتر.

# سافرۆن پلیدگەر کچۆڵەیەکی زیرەکی جیهانە

ڕەزا شوان



گەلێ لە منداڵان، هەر لە تەمەنێکی بچووکدا، زیرەکی و بلیمەتیان دەردەکەون و پێشبینی ئەوەیان لێدەکرێ، کە لە داهاتوودا هەڵبکەون و ببن بە کەسایەتییەکی ناسراو. (سافرۆن پلیدگەر) کچێکی ساوای جوان و سوور و سپیی ئینگلیزییە. خەڵکی شاری (سوتون رۆد)ە لە ویلایەتی ساوسێندە لە بەریتانیا. لە کۆرپەییەوە زیرەکی دەرکەوت. سافرۆنی تەمەن (٣) ساڵان، هێشتا نەچووبوو بۆ باخچەی منداڵان، لە کەناڵی چواری تەلەفزیۆنی ئینگلتەراوە، فێری پیتەکانی زمانی ئینگیزی بوو. فێری خوێندنەوە و نووسین و بە دەیان وشە بوو. فێری کرداری کۆکردنەوە و لێدەرکردن بوو. بە ئاسانیش تا (٥٠) ی دەژمارد.

دایکی سافرۆن (کیرستی) تەمەن (٢٣) ساڵ، کە دیزاینسازی فانیلەی (تی شێرتە). دەڵێت"پێش ئەوەی کە سافرۆن تەمەنی ببێت بە (١٨) مانگ، گفتوگۆی تەواوی لەگەڵ خەڵکدا دەکرد. لە کاتێکدا زۆربەی منداڵانی ئەو تەمەنە، تەنها چەند وشەیەک دەڵێن. بەڵام سافرۆنی ناوازە، بەڕاستی وشەسازییەکی فراوانی هەبوو. ئەو زۆر متمانەی بە خۆی هەیە. کاتێک قسە لەگەڵ کەسانی جیاواز دەکات، گرنگ نییە کە کێن. هەروەها رۆژانە چیرۆکیش بۆ (ویلۆ) ی خوشکە حەوت مانگەکەی دەخوێنێتەوە".

بۆ یەکەمین جار سەردانکەرێکی تەندروستی کە چوو بۆ ماڵی سافرۆن، هەستی کرد کە سافرۆن منداڵێکی زیرەکە، بە دایک و باوکی سافرۆنی وت، بۆ تاقیکردنەوەی تێکڕای زیرەکی ببیبەن بۆ لای پزیشکێکی دەروونناسی منداڵان. بە قسەیان کرد و بردیان بۆ لای پزیشکی دەروونناسی منداڵان. پزیشکەکەش زانی کە سافرۆن زیرەکە، داوای لە دایک و باوکی کرد بۆ زانینی رادەی تێکڕای پلەی زیرەکی پەیوەندی بە (مێنسا) وە بکەن. مێنسا کۆمەڵەیەکە، ئەندامەکانی لەو کەسانە پێکهاتووە کە زیرەکییەکی باڵایان هەیە و زرنگ و بیرتیژن. زیاتر لە سەد دەوڵەت لە جیهاندا، ئەندامیان تێیدا هەیە. هەر ئەم کۆمەڵەیە پزیشک و دەروونناسی پسپۆری بواری زیرەکییان هەیە، لە دوای زنجیرە تاقیکردنەوەیەک، ئینجا بڕیاری تێکڕای زیرەکی ئەو کەسە دەدەن. بڕیاری ئەوەش دەدەن، ئایا شایەنی ئەوەیە کە ببێت بە ئەندام لە مێنسادا، یان شایەنی نییە.

لەپێش ئەوەی کە تاقیی بکەنەوە، کە (پاپا پیگ) وێنەی سافرۆنیان لە شێوەی فیلمی کارتۆنی بزوێن کێشا. سافرۆن وتی:" من تەنیا کچێکی بچووکم، بەڵام زۆر دڵخۆشم دەبم کە لە تاقیکردنەوەکانی زیرەکیدا دەربچم، گەرچی پرسیارەکان زۆریش گرانن. خۆشحاڵتریش دەبم، بەوەی کە ببم بە ئەندامی کۆمەڵەی مێنسا" وتیشی:" کە گەورەبووم، حەزدەکەم بە درێژایی رۆژ بە یارییەکان یاری بکەم.. بەم نزیکانەش دەچم بۆ قوتابخانە. وێنە دەکێشم و وێنە دەکێشم، دێم و دەچم و رادەکەم".

سافرۆن پلیدگەر لە زنجیرە تاقیکردنەوەکانی کۆمەڵەی مێنسا (ئای کیو) دەرچوو، تێکڕای پلەی زیرەکی (١٤٠) پلەیە، کە (٤٠) پلە لە سەرووی، تێکڕای پلەی ناوەندی زیرەکی گەورەوەیە، کە (١٠٠) پلەیە، پلەی زیرەکی (ئەلبێرت ئینشتاین) و (ستیڤن هوکینگ) (١٦٠) پلەیە، کە لە پلەی بلیمەتی دان. تێکڕای پلەی زیرەکی سافرۆن (٣) پلە، لە پلەی زیرەکی سەرۆک کۆماری پێشووی ئەمریکا (بیل کلینتون) زیاترە. تێکڕای ئاستی زیرەکی لە بەریتانیادا (١٠٠) پلەیە.

سافرۆن بوو بە بچووکترین ئەندامی کۆمەڵەی مێنسا. مێنسا ئەوەشیان وت:

"سەرەڕای تەمەنەکەی، زیرەکی سافرۆن وای لێدەیکات کە ببێت بە دیارترین منداڵ لەناو منداڵانی تەمەن شەش بۆ حەوت ساڵان لە قوتابخانەدا".

سافرۆنی تەمەن سێ ساڵان، زۆر حەزی لە نووسین و لە خوێندنەوەیە، بە تایبەتیش زۆر حەز لە خوێندنەوەی چیرۆک دەکات. حەزیشی لە وێنەکێشان هەیە. رۆژی تاوێک چیرۆکی پێش نووستن، چیرۆکی (باشە، باوکم پالەوانی ژماردنی دابەزێنە) بۆ خوشکە بچکۆلەکەی دەخوێنێتەوە.

شانبەشانی توانای قسەکردن و خوێندنەوەی، خێزانەکەی سەسام بوون بە شێوازی بیرکردنەوەی سافرۆن.


شایەنی باسیشە نە باوکی و نە دایکی سافرۆن بڕوانامەیان لە خوێندندا وەرنەگرتووە. بەوە دەچێت کە سافرۆن بە باوکی بکات. (دانی پلیدگەر)ی باوکی کە تەمەنی (٢٣) ساڵە، دیزاینسازی (ویب) و چەندین سایتی ئەلیکترۆنییە. (٨) جار بوو بە پاڵەوانی یارییەکانی بەرنامەکانی (کۆنت داون: ژماردنی دابەزین) لە تەلەفزیۆنی چواری ئینگلتەرادا.


دانی پلیدگەری باوکی دەڵێ:"سافرۆن لەگەڵ مندا سەیری بەرنامەی (کۆنت داون) دەکات، هەر لە رێگەی ئەم بەرنامەیەشەوە فێری پیتەکان و کۆمەڵێک لە وشەکانی ئەم بەرنامەیە بوو" دەشڵێت:"سافررۆن رۆحێکی پاکی ململانێی بەرزی تێدایە. کە پێی دەڵێم: من شتێکم لا هەیە لە حەوت پیت پێکهاتووە. ئەو دەڵێت منیش شتێکی جوانترم دەستکەوت، کە لە هەشت پیت پێکهاتووە".

دایک و باوکی سافرۆن، دەڵێن:"زیرەکی و تێکڕای زیرەکی باڵای سافرۆن، هەر لە منداڵییەوە، لە تەمەنێکی بچووکدا دەرکەوت"

دایکی دەڵێت:"سافرۆن دەتوانێت زۆر بە خێرایی، کرداری کۆکردنەوە و لێدەرکردن ئەنجام بدات. رۆژانە دەخوێنێتەوە و دەنووسێت. کە پەرتووکێک لە پەرتووکخانەم دەردەکەم، یەک جار بۆی دەخوێنمەوە. دووەمین جار خۆی دەیخوێنێتەوە".

چەند وێنەیەکی جیاوازی سافرۆن



# دواکەوتن لە خوێندن

عومەر مەحمود



دواکەوتن لە خوێندن ، دواکەوتنە لە قۆناغی بەدەستهاتووی خوێندن بەراورد بە تەمەن .

کەسی دواکەوتوو لە خوێندن ئەو قوتابییەیە کە ئەو قۆناغەی پێی گەیشتووە لەخوار ئەو قۆناغەیە هاوتەمەنەکانی پێیگەیشتون . یان ئاستی بەدەستهاتوی کەمترە لە ئاستی زیرەکی گشتی .

بوونی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانەکانی ئێواران و بنکەکانی خوێندنی گەوران و خوێندنی خێرا ، لێکەوتەو دەرهاویشتەی دواکەوتنی خوێندنە.

دواکەوتن لە خوێندن وەک گرفتێکی گەورەی بواری پەروەردەو فێرکردن کەمترین قسە لەسەر هۆیەکانی و ڕێگاکانی چارەسەرکردنی یان لانیکەم کەمکردنەوەی دەکرێ .

لە بەرنامەی بنیاتنانی تواناکانی قوتابخانە ، وەک لایەنەکانی تر گرنگی پێنەدراوە و هیچ ستانداردێکی تایبەتی بۆ تەرخان نەکراوە .

هۆیەکانی دواکەوتن لە خوێندن :

کێشەی دواکەوتن لە خوێندن بۆ چەندین هۆ دەگەڕێتەوە . دەکرێ لەمانەی خوارەوەدا کۆبکرێنەوە :

١- هۆکاری خودی یان کەسی :

- پشتگوێخستن و کەمتەرخەمی قوتابی لە هەوڵ و کۆششکردن لە وانەکانی .
-بایەخ پێدانی کەمی قوتابی بەئەرکەکانی .
- گوێنەگرتن و سەرنج نەدانی قوتابی لە وانەکان لە پۆلدا .
- هاوڕێیەتی برادەری خراپ لە ناو قوتابخانەو دەرەوەی قوتابخانە .
- قبوڵ نەکردنی ڕێنماییەکانی قوتابخانە لە لایەن قوتابییەوە .
- خراپ بەکار هێنان و ڕێکخستنی کات
- گرنگی پێدانی زۆر بە خولیاو ئارەزووەکان بە ڕادەیەک ببێتە پشتگوێخستنی بابەتە سەرەکیەکانی خوێندن .
- نەبونی پاڵنەری حەزو خۆشەویستی بۆ خوێندن .
- ئاستەنگ وکێشە لە وەرگرتن و تێگەیشتن لە مامۆستا .
- بچوکی یان گەورەیی تەمەنی قوتابی بەراورد بە هاوڕێکانی .
- پێداچونەوەو کۆششکردنی نادروست لە وانەکان
- لاوازی لە توانای سەرنجدانی وردو گوێگرتن لە وانەکان لە پۆلدا .
-لاوازی لە توانای بیرکردنەوەی گەڵاڵەکردن .
- متمانە بە خۆ نەبوون .
-بێتوانایی لە بیرکردنەوەو پێکەوەبەستنی شتەکان .
-کێشەی دەربڕین یان قسەکردن .
- لاوازی دیار لە پلەی زیرەکی قوتابیدا .

٢- هۆکاری تایبەت بەقوتابخانە :

- زۆر گواستنەوەی قوتابی لە قوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر یان لە لقێکەوە بۆ لقێکی تر .
- مامەڵەی خراپی مامۆستا لە گەڵ قوتابی .
-ئاست نزمی و خراپی ڕێگاکانی وانە وتنەوە .
-خراپی ڕەفتاری قوتابی لە قوتابخانە .
-ناڕونی ئامانج لە خوێندنی بابەتەکانی خوێندن .
-لاوازی پەیوەندی بابەتەکان بە ژیانەوە .
- کەشـــی کۆمەڵایەتی قوتابخانەو نەگونجانی قوتابی تیایدا .
-ڕاکردن و خۆ دزینەوە لە وانەکان .
-دوو بارە بونەوەی دواکەوتنی قوتابی لە هاتن بۆ قوتابخانە .
-زۆری نەهاتنی قوتابی (غیاب ) .
-پشێوی لە پەیوەندی نێوان کارگێڕی ومامۆستایان ، لە لایەکەوەو و لەگەڵ قوتابیان لە لایەکی ترەوە .
- بونی سزای جەستەیی و زۆری ئەرکەکانی سەر شانی قوتابی .
- سروشت و شێوازی تاقیکردنەوەکان .
-نەبونی ڕێنمایی پەوەردەیی گونجاو بۆ قوتابی لە ناو قوتابخانەدا .

٣-هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابوری :

- کەمی بەدوادا چونی خێزان بۆمندال لە قوتابخانە .
- پشێوی خێزانی و خراپی پەیوەندیەکان لە ناو خێزاندا و بوونی کێشەی خێزانی و نەگونجانی ئەندامەکانی بەیەکەوە.
- خراپی دۆخی ئابوری و بژێوی خێزان و بچوکی و خراپی شوێنی نیشتە جێبون ، بەراورد بە زۆری ژمارەی ئەندامانی خێزان .
-خراپی پەیوەندی نێوان خێزان و قوتابخانە و کەمی سەردانی دایبابان بۆ قوتابخانە . کەمتەرخەمی قوتابخانە لەو بارەیەوە
- سەرقاڵی قوتابی بەکارکردنەوە .

پلانی چارەسەری لاوازی و دواکەوتنی خوێندن:

دەکرێ چارەسەری لاوازی و دواکەوتنی قوتابی لە خوێندن بکرێ بە زانین و تێگەیشتن لە هۆکارەکانی دواکەوتن . ئەویش بەپلەی یەکەم بە دامەزراندنی پەیوەندی بەهێز لە نێوان قوتابخانەو خێزان . مەبەستیش لە خێزان ڕۆڵی دایک و باوکی قوتابییە .

یەکەم / ڕۆڵی خێزان لە چارەسەرکردنی دواکەوتنی خوێندن :

- پاککردنەوەی کەشی خێزانی ناکۆکی و ئاژاوەی نێوان ئەندامانی خێزان
-سەرپەرشیکردنی خوێندنی منداڵان و هاوکاریکردنیان بۆ ڕێکخستنی کاتەکانیان .
-چاودێریکردنی ئاکارو ڕەفتارو هەڵسوکەوتیان و پەیوەندییەکانیان لە گەڵ هاوڕێ و برادەرەکانیان .
- چۆن کاتی زیادەی خۆیان لە ناو خێزان و دەرەوەی خێزاندا بەسەر دەبەن .
-کارکردن بۆ دوورخستنەوەیان لە هاوڕێی خراپ .
-ناوە ناوە سەردانکردنی قوتابخانەو بینینی مامۆستایان و ڕابەری پۆل و ڕێنماییکاری پەروەردەیی قوتابخانە .

دووەم / ڕۆڵی مامۆستا لە دواکەوتنی خوێندن :

-کارکردن لەسەر گونجاندنی پرۆگرامی خوێندن و بەستنەوەی بەژیانی قوتابی و ئاسانکردنی لەرێگەی گرتنە بەری شێوازە نوێ و سەردەمیەکانی وانە وتنەوە ، کەسەرنجی قوتابی بۆلای پرۆگرام و بابەتەکان ڕابکێشێ .
- لەبەرچاوگرتنی جیاوازی تاکەکان لە لایەن مامۆستاوە لە پرۆسەی فێرکردندا بەشێوەیەک کە هەموو قوتابیان بە ئاست و توانا جیاوازەکانیانەوە لە وانەکەی سود بەخش بن .
-بەکار هێنانی هەموو جۆرەکانی هۆیەکانی ڕونکردنەوە ( بینراو - بیستراو ) لە وانە وتنەوەدا .
-چاودێریکردنی ئاستی دواکەوتن و گرنگیپێدانی زۆر بەو دیاردەیە لە لایەن مامۆستاوە .
- باش دابەشکردنی قوتابیان بەسەر لقەکاندا و ڕەچاوکردنی گونجان ، بەبێ لەیادکردنی ئامانجە سەرەکیەکانی پەروەردەو فێرکردن .
-کەمکردنەوەی ژمارەی لاوازەکان لە یەک لقدا . دابەشکردنیان بەسەر هەموو لقەکاندا .
-گرنگیدان بە چالاکیەکانی قوتابخانە .
- ڕەخســاندنی کەشی ئەرێنی لە قوتابخانەدا و دوور کەوتنەوە لە هەموو دیاردەکانی توندو تیژی و بێزارکردن .
-ئەنجامدانی وانەی بەهێزکردن بۆ لاوازەکان .



# مرۆڤ و سەردەم

چنار عەزیز



مرۆڤی ئەم سەردەمە بەقووڵی لەناو سەختییەکانی ژیاندا ڕۆچووە، لە دڵەوە بە نەهامەتییەکانی ژیان پێکراوەو ڕوحی هەڵتەکاندووە، واتا خۆشییەکان وەک سەفەرێکی کورت وان بەناو ڕوحی مرۆڤدا دێن و دەڕۆن. وەک درەختێکی وشک دەمێنێتەوە، کەواتە کێشەی هەرە گەورەی ڕوحمان تاریکی و وشکییە کە بەربەستن لەبەردەم چێژبینین لە ساتەکانی ژیان. بۆئەوەی لە ژیان تێبگەین دەبێت لە خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان تێبگەین، کە لەمانە تێنەگەین، کەواتە ژیان چییە؟ ژیان سەفەرێکی قوڵە، سەفەرێکە بەناو خۆشی و ناخۆشییەکان ، شکست و سەرکەوتنەکان، لە هەمووی گرنگتر سەفەرکردنە بەناو ناخی مرۆڤ خۆیدا، لەم سەفەرەی ناخی خۆیدا مرۆڤ تەنیا و هاودەمی خۆیەتی، ئەوە خۆی و بیرکردنەوەکانی وچاوەکانییەتی کۆمەکی دەکات خۆیەتی کە وایلێدەکات ببێت بە کەسێکی سەرکەوتوو، ئینجا **دەرفەت بە زەردەخەنەکانی ژیان بدات لەسەر ڕوخساری تا دەرکەون.**

ژیان وەک ماڵێکی گەورە وایە چەندین ئاسەواری خۆشبەختی و سەرکەوتن و شکست و ململانێی تیادایە، لەبەرئەوە هونەری ژیانکردن بریتییە لە ململانێ لەگەڵ سەختییەکان و شکستەکان و لە دواجاردا سەرکەوتن بەسەریاندا. سەرکەوتنی گەشبینییەکان بەسەر غەمگینییەکاندا، چونکە گەشبینییەکان وادەکەن مرۆڤ هەمیشە دڵی بۆ ژیان لێبدات، ئەگەر مرۆڤ دەیەوێت لە ژیاندا ببێت بە کەسێکی خاوەن ئیرادە و سەرکەوتوو، دەبێت گەشبین بێت، چونکە گەشبینی بەشێکە لە خەسڵەتی مرۆڤە سەرکەوتووەکان. ئۆشۆ لە کتێبی عەشق سەمای ژیانە دەڵێت: مرۆڤی گەشبین کەسێکە بەیانی کە لە خەو هەڵدەستێت بەرەو پەنجەرەکە دەڕوات و دەڵێت،بەیانیت باش ئەی خودایە، بەڵام مرۆڤی ڕەشبین ئەو کەسەیە کە دەڕوات لای پەنجەرەکەوە دەڵێت، خودای من دیسان ڕۆژ بوویەوە. هەروەها دەڵێت ژیان تابلۆیەکی سپییە، هەرچی لەسەر بنەخشێنی هەر ئەوە دەبێت، دەتوانی چەرمەسەری و مەینەتی یان خۆشبەختی و بەختەوەری لەسەر بنەخشێنی، کەواتە مەبەست لێرەدا ئەوەیە ژیان ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەی مرۆڤە هەر وەک خودای گەورە دەڵێت لەجێی گومانی بەندەکەمم، چۆن گومان بە خودا ببەی هەر ئەوە دەبێت.

سەرەڕای ئەوەی کە جوانییەکان بە کۆمەڵێک ناشیرینی دەورە دراون بەڵام ژیان پردێکە هەموو جوانییەکان بە ڕۆحی مرۆڤەوە گرێ دەدات، وادەکات هەموو شتەکانی ئەم جیهانە بە جوانی ببینن و هەموو بۆنە ناخۆشەکانی ژیان داپۆشێت. مرۆڤ دەبێت وابکات ژیان تەنیا جوانییەکانی تێدا جێ بێێتەوە، هەموو شتێک لەگەڵ خۆیدا جوانی هەڵگرتووە، لەبەرئەوە ژیان گەشتکردنە بەناو سروشتێکی سەختدا و گەیشتن بەسەرکەتن. سەرکەوتن هەیە و شکستیش هەیە، ئیرادە هەیە و لاوازیش هەیە کە ئەمانە بەلای یەکدا تێپەڕ دەبن و ململانێ دەکەن بەڵام گرنگترین کار کە مرۆڤ بیکات ئەوەیە هەوڵبدات سەرکەوتن و ئیرادە زاڵبن بەسەر شکست و لاوازیدا.

ژیان تێکەڵاوبوونی سێ بەشە، بەشێک لە مرۆڤبوون و مرۆڤایەتی کە ڕوحی مرۆڤەکان پێکدێنێت، بەشێک لە نامرۆڤایەتی و لایەنە نەرێنیەکانی ڕوح مرۆڤ خۆی بەرپرسە لە پەروەردەکردنی ئەم دیوە خراپەی ڕوح، جاویدان، دوای مردنی مرۆڤەکانیش هەر دەمێنێتەوە، ئەو بەشەیە کە جوانی و کەسایەتی و مرۆڤبوونی کەسەکان لە دوای مردنیش دەهێڵێتەوە. کەواتە ژیان دەرگای شارێکە سەرنشینەکانی بەبێ ڕوحی ئینسانی دەخنکێن. مرۆڤەکان لە ساتە سەخت و دژوارەکاندا دەبێت مرۆڤایەتی زیاتر لە ناخیدا دابڕێژێت و ئەوەی بۆ ژیانێکی پڕ لە جوانیدا دەگەڕێت نابێت ماندوو ببێت. ساتە سەخت و دژوارەکان شکستەکان هەمیشە هەن و بەردەوامن، لەبەرئەوە ئەو مرۆڤایەتییەی هەمانە دەبێت بەردەوام بێت، چونکە مرۆڤایەتیمان بۆئەوە هەیە تا لەگەڵ شکست و ساتە سەخت و دژوارەکاندا لە جەنگدا بێت، تا ئەو جوانییەی بۆی دەگەڕێت لە سوچێکی ئەم تاریکییەی ژیاندا بیدۆزێتەوە و نەهێڵین تەمی شکست و ناشیرینییەکانی ژیان ناخمان داگیر بکات، مرۆڤایەتیمان دەبێت تاریکی ژیانیش بکاتە ڕوناکی و جوانی، واتا مرۆڤ نابێت بێئامانج بەسەر زەویدا بسووڕێتەوە، ئەو شتەی مرۆڤ بە ئامانج و جوانییەکانی دەبەستێتەوە مرۆڤبوونییەتی، مرۆڤی بێئامانج بەناو دنیاو ژیاندا دەڕوات ناتوانێت بگاتە دواهەوار هیچ شتێک بە جوانییەکانی ژیانی نابەستێتەوە. ناتوانێت جوانی و ڕوحی بەیەکەوە گرێبدات و پەیوەندی نێوان ڕوح و جوانی پەیوەندییەکی لاواز دەبێت. ژیان یەکەیەکی ناتەواوە مرۆڤ دەبێت هێدی هێدی بەناویدا گوزەر بکات و شکست ئینجا سەرکەوتن تاقیبکاتەوەو بەیەکەوە گرێیانبدات و کەسایەتی لەسەر بنیاد بنێت. کەواتە مرۆڤ خۆی نیگارکێشە، بە فڵچە و دەست و پەنجەی خۆی تابلۆی ژیانی خۆی بە تەپوتۆزی و غەمگینی یان دڵخۆشی و خەونەکانی خۆی نیگار دەکێشێت. لەمەوە فێردەبێت بەناو ژیاندا بگەڕێت، لە دەریایەک دەچێت هەڵچوون و داچوونی هەبێت. جوانی دروست بکات، دادپەروەری دروست بکات. کەواتە ژیان نابێت تەنیا قەوارەیەکی مردوو بێت، پێویستە قەوارەیەک بێت دڵ تیایدا ئاسوودە بێت.

# ئاگات لە هەڵوەرینی ڕۆحم نەبوو مەستانە ڕابوردی

تەها عومەر



لەم جەنگەڵستانی بزربوونی عەشق وبیابانی ڕۆح وهەرزان فرۆشی ویژدانەدا ، شوێنێک نەماوە بۆ خۆشەویستی ، بۆ میهرەبانی ، لەسەردەمێکدا ڕۆژانە مینای دڵەکان ئەشکێن و باڵی پەپوولەکان هەڵئەوەرن ، گوڵەکان ئەژاکێن و گەڵای دارەکان زەردهەڵئەگەڕێن .

لەم ڕۆژگاری بێ دەربەستی و لەم مەملەکەتەی بەبەردبوونی دڵەکاندا ، ڕۆحە تەنیاکان چەند ئاسان پارچەپارچە ئەبن ، هەستەکان رووشکێن ئەکرێن و ناخەکان بریندار ئەبن .

لەجیهانێکی دڵ مردوودا کەس ئەوی تر ناخوێنێتەوەو ئەوهەموو سەدای قیژەو هاوارە نابیستێت ، هەرکەس بەشوێن بەرژەوەندی خۆیدا ڕائەکاو ئازاری بەرامبەرەکەی ڕایناچڵەکێنێت .

دنیایەک کە هەمووهەستەجوانەکان چوونەتە سووری مت بوونەوەو ویژدان سڕکراوەو مرۆڤایەتی لە لێواری مەرگدایە .

لە چاخێکی لێوان لێو لە شەڕەنگێزی و هەڵپەو پەلاماردا کێ خەم بۆ وەرینی باڵی پەپوولەیەک و لەتینوا خنکانی چۆلەکەیەک و شەقاربوونی ڕۆحێکی تەنیاو وشک بوونی کانیاوێک ئەخوات ، کێ ئازارو ناڵەی شاخێکی کون کراوو درەختێکی سووتاو ڕائەژەنێ و دڵخۆشیی گەمەی غەریبیی کوکوختیەک ئەداتەوە ، کێ چاوێکی گریاو ژیر ئەکاتەوەو دڵێکی تەنیا ئەلاوێنێ و فرمێسکەکانی دایکێکی جەرگ سووتاو ئەسڕێت ؟

کێ گوێ لە خەمەکانی غەریبێک و ئازارەکانی مەستێکی ئالوودە ئەگرێت ؟

ئەوە کێیە قروسکەی سەگێکی ئازاردراو و کرووزانەوەی پشیلەیەکی کلک قرتێنراو ئازار بەناخی ئەگەیەنێت

کێ گوێ بە هاژەی گریانی چەمێکی تەنیاو دارستانێکی سووتاوو ئازارەکانی پیاوێکی جێهێڵراوی ناو خەڵوەتگەی پیری ئەدات؟!

کێ گوێ بۆ بەسەرهاتی شێتێک شل ئەکات کە مەینەتیەکانی ڕۆژگار عەقڵی لەسەردا نەهێشتووەو بۆتە مەزەی کەسانی کاڵفام و بێ هونەر ؟!

کێ گوێ بەهەستەکانی شاعیرێک ئەدات کە بەدیار کاغەزو خامەکەی دەستیەوە دۆش داماوەو ئەیەوێت هەموو ئەو خەمانە لەشیعرێکدا دابڕێژێت ؟! یان ئەو میوسیزیانەی لەگەڵ کەمانەکەیدا خەریکە هەموو ئەوانە ئەکاتە ئاوازێکی غەمگین ؟!!

تێبینی :

(ئاگات لە هەڵوەرینی ڕۆحم نەبوو مەستانە ڕابوردی) ناوی دیوانە شیعرێکی شاعیرو نووسەرو وەرگێڕ خاتوو (ئەرخەوان) ە و زۆربەلامەوە جوان بوو بۆیە کردمە ناونیشانی ئەم کورتە نووسینەم

# ناتەبایی نێوان سەرپەرشتیاری و پشکنین لە سیستەمی پەروەردە لە کوردستان: بانگەوازێک بۆ هاوسەنگی لە دڵنیایی جۆری



د. بەهمەن جەبار

لە چوارچێوەی سیستەمی پەروەردە لە کوردستاندا، ناتەباییەکی سەرلێشێواو لە نێوان سەرپەرشتیاری و پشکنیندا هەیە کە ڕێگری لە کاریگەریی دڵنیایی جۆری لە قوتابخانەکاندا دەکات. لە کاتێکدا کە پشکنینەکان لەلایەن هەڵسەنگێنەرانی دەرەکییەوە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ئەنجام دەدرێن، لایەنی گرنگی سەرپەرشتیاری بەردەوام تا ڕادەیەکی زۆر پشتگوێ خراوە. ئەم ناهاوسەنگییە ڕێگری دەکات لە ئەگەری باشتربوونی بەردەوام لە پراکتیکەکانی وانەوتنەوە و فێربوون، ئەمەش قوتابخانەکان بەبێ ئەو پشتگیرییە دەهێڵێتەوە کە پێویستە بۆ پێشخستنی کوالیتی پەروەردەیی. بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی ئەم جیاوازییە، پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان سەرپەرشتیاری (supervision) و پشکنین (inspection) و شیکردنەوەی ڕۆڵەکانیان لە دڵنیایی کوالیتی.

تێگەیشتن لە سەرپەرشتیاری و پشکنین:

سەرپەرشتیکردن لە پەروەردەدا بەزۆری ئاماژەیە بۆ پرۆسەی بەردەوامی ڕێنماییکردن و پشتگیریکردن و پەرەپێدانی توانا پیشەییەکانی مامۆستایان. سەرردانی بەردەوام و فیدباک و ڕێنمایی لەلایەن سەرپەرشتیارانەوە دەگرێتەوە کە زۆرجار مامۆستای بە ئەزموونن. ئامانج لێی باشترکردنی کوالیتی خوێندن و پشتگیریکردنە لە پەرەپێدانی مامۆستایان و دڵنیابوون لە پابەندبوون بە ستانداردە پەروەردەییەکان.

لە بەرامبەردا پشکنین هەڵسەنگاندنێکی فەرمی وەرزییە کە لەلایەن هەڵسەنگێنەرانی دەرەکییەوە ئەنجام دەدرێت. مەبەست لە پشکنین ئەوەیە کە ئایا قوتابخانەکان پابەندن بە هەندێک ستاندارد و یاساوە یان نا. بە شێوەیەکی ئاسایی بریتییە لە پێداچوونەوە بە بەڵگەنامەکان، سەرپەرشتیاریکردنی چالاکییەکانی پۆل، و چاوپێکەوتن لەگەڵ ستاف و خوێندکاران. ئەنجامی پشکنین بۆ بڕیاردان سەبارەت بە ئەدای گشتی قوتابخانە بەکاردەهێنرێت.

ڕۆڵی دڵنیایی جۆری:

دڵنیایی کوالیتی لە پەروەردەدا هەموو ئەو چالاکییە سیستماتیکیانە دەگرێتەوە کە ئەنجام دەدرێن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان لەگەڵ ستانداردە دیاریکراوەکاندا دەگونجێن و بەردەوام لە باشتربووندان. ئەمەش بریتییە لە دانانی چاوەڕوانییە ڕوونەکان، سەرپەرشتیاریکردنی ئەدای کارکردن، پێشکەشکردنی فیدباک و پشتگیریکردن لە باشترکردنەکان. هەردوو سەرپەرشتیاری و پشکنین ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لەم پرۆسەیەدا، بەڵام خزمەت بە ئەرکی جیاواز دەکەن.

سەرپەرشتیاری بەرامبەر پشکنین: کامیان باشترە؟

سەرپەرشتیاریی:

لایەنە باشەکانی: پەرەپێدانی بەردەوامی گەشەپێدانی پیشەیی، ژینگەیەکی پشتیوانی دروست دەکات، ڕێگە بە فیدباک و کردەوەی چاکسازی دەستبەجێ دەدات، و هانی بیرکردنەوە دەدات لە نێوان مامۆستایاندا.

زیانەکانی: دەتوانێت سەرچاوەی زۆری تێدابێت، پێویستی بە بەڕێوەبەرانی ڕاهێنراو و وەبەرهێنانی کات هەیە.

پشکنین:

لایەنە باشەکانی: هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانە و ستاندارد بۆ ئەدای قوتابخانە پێشکەش دەکات، لێپرسینەوە دەکات، و دەتوانێت پرسە سیستەمییەکان دەستنیشان بکات کە پێویستە چارەسەر بکرێن.

زیانەکانی: لەوانەیە ژینگەیەکی سزایی دروست بکات، دەتوانێت بەشێوەیەکی وردە وردە بێت و زۆرجاریش شکست دەهێنێت لە پێشکەشکردنی پشتگیری بەردەوام بۆ باشترکردن.

ڕێبازی هاوسەنگ:

بەگشتی یەکخستنی هەردوو سەرپەرشتیاری و پشکنین کاریگەرترین ڕێگایە بۆ دڵنیایی کوالیتی. سەرپەرشتیاری بەردەوام پشتگیری و پەرەپێدانی بەردەوامی مامۆستایان مسۆگەر دەکات، لە کاتێکدا پشکنینی بەردەوام پێوەرێکی بابەتیی بۆ ئەدای قوتابخانە و لێپرسینەوە دابین دەکات.

پێویستی ڕێبازێکی هاوسەنگ لە کوردستان

لە کوردستان گرنگیدان بە پشکنین لەلایەن هەڵسەنگێنەرانی دەرەکی بەبێ سەرپەرشتیاریی پێویست ئەنجامەکەی نەبوونی پشتیوانی بەردەوامە بۆ مامۆستایان. ئەم جێهێشتنە بەهۆی چەند هۆکارێکەوە زیانبەخشە:

نەبوونی گەشەپێدانی پیشەیی بەردەوام: بەبێ سەرپەرشتیاری بەردەوام، مامۆستایان فیدباک و دەرفەتی گەشەکردنی پیشەیی لەدەست دەدەن.

ڕێوشوێنی کاردانەوە نەک پێشوەختە: زۆرجار پشکنین دەبێتە هۆی ڕێوشوێنی کاردانەوە نەک باشتربوونی بەردەوامی پێشوەختە.

فشار و نەبوونی پاڵنەر: سترێسی پشکنین بەبێ سەرپەرشتیاری پاڵپشت دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی مامۆستایان پاڵنەر لەدەست بدەن و ژینگەیەکی فشاری زۆر دروست بکەن.

گرنگی مۆدێلی کاریگەر

ستانداردە جیهانییەکان لە بواری پەروەردەدا جەخت لەسەر گرنگی هەردوو سەرپەرشتیاری و پشکنین دەکەنەوە. مۆدێلە کاریگەرەکان، وەک ئەو مۆدێلەی کە فینلاند پەسەندی کردووە، پەرەپێدانی پیشەیی بەردەوام (لە ڕێگەی سەرپەرشتیاریکردنەوە) لەگەڵ لێپرسینەوە (لە ڕێگەی پشکنینەوە) تێکەڵ دەکەن. ئەمەش دڵنیای دەدات لەوەی مامۆستایان ئەو پشتگیرییە وەردەگرن کە پێویستە بۆ باشترکردن، لەکاتێکدا قوتابخانەکان لێپرسینەوە لە دەرئەنجامە پەروەردەییەکان دەکەنەوە.

ڕۆڵی سەرپەرشتیار

سەرپەرشتیاران ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بەرزکردنەوەی تواناکانی مامۆستایان لە ڕێگەی بەرنامەکانی پەرەپێدانی پیشەیی ئامانجدار. بەڵام بوونی ڕاهێنەران لە بری سەرپەرشتیاران جێی پرسیارە! لە کوردستان کە ژمارەی سەرپەرشتیاران زیاترە لە ڕاهێنەران، سەیرە کە ڕۆڵی ڕاهێنەران لە خۆڕایی زیادکراوە و سەرپەرشتیاران فەرامۆشکراون لەو ئەرکە سەرەکییەی خۆیان! زیادکردنی ئامادەبوونی سەرپەرشتیاران دەتوانێت پردێک لە نێوان کۆبوونەوەکانی ڕاهێنان و بەکارهێنانی پراکتیکی لە پۆلدا دروست بکات. کێشەکە ئەوەیە سەرپەرشتیاران ئەرکی سەرپەرشتیاریان لێسەندراوەتەوە و تەنها ڕاهێنەران بەم کارە هەڵدەستن.

بۆ بەرزکردنەوەی کوالیتی خوێندن لە کوردستان، ڕێبازێکی هاوسەنگ کە هەم سەرپەرشتیاری و هەم پشکنین تێکەڵ بکات، زۆر پێویستە. لە کاتێکدا پشکنین بۆ لێپرسینەوە زۆر گرنگە، سەرپەرشتیاری پشتگیری بەردەوامی پێویست بۆ گەشەکردن و باشترکردنی پیشەیی دابین دەکات. وەرگرتنی مۆدێلێک کە بەها بە هەردوو توخمەکە بدات، ڕێبازێکی گشتگیرتر بۆ دڵنیایی کوالیتی مسۆگەر دەکات، لە کۆتاییدا دەرئەنجامە پەروەردەییەکان بۆ خوێندکاران باشتر دەکات. وەبەرهێنان لە سەرپەرشتیاری زیاتر، لەگەڵ هەڵسەنگێنەرانی دەرەکی، ژینگەیەک دروست دەکات کە مامۆستایان هەست بە پشتیوانی و پاڵنەر و توانای پێشکەشکردنی وانەوتنەوەیەکی کوالیتی بەرز بکەن.

# پەیامێکی( ٨)خاڵی لەپێناو سەرکەوتنی ماмۆستا



## سۆران محەمەد ڕەمەزان

١-هەبوونی ڕێزوخۆشەویستی:
کەئەمەش وادەکات منداڵان خۆشیان بوێت وتاڕادەیەکی باش گوێت لێ بگرن وئارەزووی دیدارتبن ووەزیاتر کێشەکانیان بخەنەڕوو بەبێ ترس وشەرم کە ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی ماмۆستازیاتر لەقوتابی تێبگات بەپەیامەجوانەکەی وزیاتر کاری لێ بکات.

٢-هەبوونی ئارامگری ولەسەرخۆی:
وادەکات ماмۆستایەکی خۆشەویست بیت وکەسێکی بێزراو نەبیت. وەقوتابیان لەبەرامبەرت هەست بەئاسوودەی بکەن و بتوانن بەباشی بیربکەنەوە.
چونکەتورەبوون توندوتیژی دەبێتەهۆی ترساندن وشکاندن و لەدەست دانی توانای ڕاستەقینەی قوتابی.

٣-هەبوونی پلانێکی باش: هەبوونی پلان کارێکی گرنگەبۆماмۆستادەتوانین بڵێین یەکێکەلەبنەماوهۆکارەکانی سەرکەوتن.ئەگەر تەنانەت لە٥٠%ی پلانەکەشت بۆجێ بەجێ بکرێت لەوەباشترە کەبێ پلان بیت .چونکە هەبوونی سیستمی پەروەردەواتەپلانی بەرەوپێش چون و دروست بوونی تاکێکی ئەرێنی.

٤-زوو ناسین وتێگەشتن لەکەسایەتی منداڵ لەڕووی دەرون وبونیادی جەستەییەوە :ئەمەش وادەکات ماмۆستازوو خاڵەلاوازەکان دەست نیشان بکات و زووتریش چارەسەریان بۆدابنێت هەتابەزووی گۆڕانکاری بکرێت بۆباشتربوون ، کەئەمەش خاڵێکی زۆرگرنگە تاماмۆستایان نەکەونەهەڵەوەلەتوانای هەندێ قوتابی ئەرکی زیاتربخەنەسەریان...

٥-گرنگیدان بەهەمووجۆرەئاستەکان وپشتگوێ نەخستنی هیچ ئاستێک:
ماмۆستادەبێت بەجۆرێک بێت واهەست بکات کەهەمووقوتابیان بەپێی ئاست وتوانایان قابیلی فێربوونن و دەتوانرێت گۆڕانکاری لەئاستیان بکرێت و وەهەمووان بەئامانەت بزانێت و دڵسۆزبێت بۆیان نەک چینێکی ئاست باش فێربکات ووازلەلاوازەکان بێنێت، بەڵکوبەپێچەوانەوەدەبێت پلانی تایبەتی بۆ ئەوان هەبێت وکاتی زیاتریان بۆتەرخان بکات.

٦-گرنگیدان بەبەکارهێنانی زمانی جەستە:کەئەمەش هۆکارێکە بۆگەیاندنی پەیامەکانی ماмۆستا بەبشی وچێژو خۆشی بەوانەکەدەبەخشن.

٧-گرنگیدان بەپەیوەندییەکۆمەڵایەتیەکان:
پێویستە ماмۆستاپردێکی پەیوەندی باش دروست بکات لەنێوان خێزان وقوتابخانەلەپێناوئاگاداربوون لەئاست وتوانای خوێندکاران و دیاریکردنی کێشەکان ودانانی چارەسەرەکان بەئاسانی وکەئەمەش وادەکات کاریگەری هەردوولا بە باشی هەبێت لەسەربەرەوپێشچوونی ڕۆڵی پەروەردەوفێرکردن

٨-گرنگیدانی ماмۆستایان بە بەرەوپێشچونی ئاستی خۆیان لەبوارەکەدا:وەک گرنگیدان بەخوێندنەوەو بەشداری خول وسیمینارو هەوڵدان بۆ باشتر بوون ئەمەش وادەکات ماмۆستایەکی سەرکەوتوو پڕلەزانست و زانیاری خاوەن ئەزمونێکی باش لەپڕۆسەکەدا دروست بێت وکاریگەریەکی بەهێزوباشی لەسەر نەوەکان هەبێت چ لەئێستاوچ بۆداهاتووش.

# هەڵچوون

## ستار ئەحمەد



تاڵ تاڵی پرچەکەت
هێڵی گەشاوەی وشەیە
ڕدێنت چوار چێوەی
شیعرێك ئاڵ
باوەشێك نووچدانی
شەوانە ئالوودەو
ڕۆژانیش رۆحی خۆت
دەخەیتە گەرووی چاڵ
چۆن عومرێك
بەهای گڵ
لەژینت وەردەدا
دڵۆپێك شەونم
لەکوێی عەشق
بەسوتووی شنەی با
کزەیەك لەگڕی
هەناوت بەردەدا
ئەم گڕۆی هەڵچوونە
چوون بەفر دەتبەستێ
زریانی تەرزەی کۆچ
لەناخی ئالوودەت ناوەستێ
جۆگەلەی رۆچوونت
بووەتە لێشاوی دەریاچە
وازبێنە لەمەلەی ژێر زوقم و
ژوانگەی پەیکەرێك
دروشمی فەوتانەو
سنووری پەرستگای بێ خاچە
هەتا کەی شەلالی هەنسکت
سنگۆڵەی هۆنراوە داگرێ
جوان گیانت
لەنیگای پاکیا ڕابخە
مەهێڵە تەمەنت با بیبا
کێ نازی شاعیرو
هەڵبەست و
عاشقان هەڵدەگرێ.



# زیرەکی دەستکرد و پرۆسەی پەروەردە و فێربوون

## چرۆ ڕەشید قادر

لەم سەرەتایەوە دەکرێت بپرسین: زیرەکی (یان ژیری) دەستکرد Artificial intelligence چییە؟ زیرەکی دەستکرد(کە کورتکراوەکەی دەبێت بە AI) بریتییە لە توانای ڕۆبۆتێک، کە بەهۆی کۆمپیوتەر کۆنترۆڵ دەکرێت بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی بە شێوەیەکی ئاسایی پەیوەستن بەو پرۆسە هزریانەی تایبەتن بە مرۆڤەوە، وەک توانای عەقڵ. دەکرێت ئەوەش بوترێت کە زیرەکی دەستکرد هۆکارێکە هاوشێوەی جۆرەکانی تری تەکنەلۆژیای نوێ کە بەرهەمی ژیریی مرۆڤە.

زیرەکی دەستکرد لە ئێستادا لە زۆر بواردا بەکاردەبرێت بەتایبەت بوارەکانی (پەروەردە، تەندروستی، سەربازی، و....).

توانیویەتی بچێتە ناو گشت چالاکییە مرۆییەکانەوە، ئەوەی مەبەستی ئێمەیە، چۆنێتی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکردە لەبەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون لە باخچەی منداڵان.

لەگەڵ گەشەسەندنی خێرای تەکنەلۆژیای زانیاریی کۆمەڵگای تازە بەر دەرئەنجامەکانی ئەم گەشەسەندنە کەوتووە و زیرەکی دەستکردیش یەکێکە لەڕووەکانی ئەم پێشکەوتنە. پەروەردەی منداڵیش بەشێکە لەو بوارانەی کەوتووەتە ژێرکاریگەری تەکنەلۆژیای زانیاریی و خودی زیرەکی دەستکردەوە، کەوابێت پەروەردە و فێربوون ناکرێت داببڕێت لەو گەشەسەندنەی هاتووەتە سەر زانستی گەیاندن.

بەهۆکاری ئەوەی لەئێستادا لە جیهانێکدا دەژین زیرەکی دەستکرد گۆڕانی گەورەی هێناوەتە سەر ژیان و کار و چالاکییەکانی مرۆڤ، بواری پەروەردەش لەم گۆڕانکارییە بێبەش نییە.

دەکرێت زیرەکی دەستکرد وەک هاوکارێک بۆبەکارهێنانی کۆمپیوتەر و فێربوون و ئاشنابوون بە یارییە جۆربەجۆرەکان بەکاربهێنرێت، لە پەروەردەی سەرەتایی منداڵدا یاری مانای خۆی هەیە و زۆرێک لەو یاریانەش لەئێستادا لەژێرسایەی زیرەکی دەستکرد ئاراستەی تریان وەرگرتووە و دەتوانن فێربوونی تازە بە منداڵ بدەن.

زیرەکی دەستکرد لە بواری پەروەردەدا ڕێگە بەمنداڵ دەدات ئەندازیاری جیهانی خۆیان بن و هەوڵێکیشە بۆبەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون و ئەزموون وەرگرتن لە گەشەی تەکنیکیی نوێ. هاوکات دەتوانرێت AI بەکاربهێنرێت بۆ گونجاندنی وانەکان لە باخچەی منداڵاندا و بەهێزکردنی ئەزموونەکانی فێربوونیش، ئەمەش دەکرێت بەپێی پێداویستی تاکەکەسی منداڵان ئەنجامبدرێت. نەک هەر ئەوە بگرە دەتوانێت یارمەتی پەروەردەکاران و دایک و باوکانیش بدات لە ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فێربوون و ئاست بەرزکردنەوەی منداڵ و بەرەوپێشەوەبردنی تواناکانی لە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردنی زانین لە منداڵدا.

کە وانە ووتنەوە لە پێشەنگی کاری پەروەردەییە و لەگەڵ هاتنی زیرەکی دەستکردیش پێویستی زۆر بووە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وانەوە وتنەوە پەروەردەییەکان.

لەهەموو قۆناغەکانی خوێندن و بەتایبەت قۆناغی باخچەی منداڵان، کە مانای خۆی هەیە لە بنیادنانی کەسایەتی منداڵان، وانە وتنەوە کاریگەری لەسەر پرۆسەی فێربوون و بەدەستهێنانی زانینی منداڵ دادەنێت. ئەم پرۆسەیەش لەژێر کاریگەریی زیرەکی دەستکرددا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و پێویستە پەروەردەکاران ئەم گۆڕانکارییانە بەهەندوەربگرن.

واتە، زیرەکی دەستکرد توانیویەتی ئاستی وانە وتنەوە لە باخچەی منداڵان بگۆڕێت و تەنانەت جۆراوجۆریشی بکات، واتە مامۆستا لە باخچەی منداڵان پێویستی بەوەیە ئاشنابێت بە شێوازە تازەکانی وانە وتنەوە و فێرکردن، کە ئەوەش مانای دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری منداڵ لە قۆناغی باخچەی منداڵاندا.

گەشەی پەروەردەیی لەگەڵ زیرەکی دەستکرد پێویستی بەخۆگونجان و پەرەپێدانە و خودی ڕێرەوە پەروەردەییەکانیش گرنگە گۆڕان بێنێتە سەر شێواز و دیزاین و ناواخنەکانی.

بەمجۆرە دیزایینی فێربوونیش پێویستی بەگۆڕان دەبێت بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە سوود لەو پرۆگرامە تایبەتییانە وەربگیرێت، کە دەگونجێت بۆئاستی باخچەی منداڵان. ئەمەش دەبێت لە باخچەکاندا وریاییانە بەکاربهێنرێت تا چالاکییەکانی یاری و ئاخاوتن و گفتوگۆی منداڵ و شێوازی وەڵامدانەوەی پرسیار بگۆڕێت و ئاستبەرزتری بکات.

ئەو شێوازەی لەبواری فێربوون و لەژێرکاریگەری زیرەکی دەستکردا بەکاردەهێنرێت گۆڕانکاری دەخاتە ناو پرۆسەی فێربوونەوە و ئاستی تواناکانی منداڵ زیاد دەکات، بۆئەومەبەستەش پێویستە هۆکارەکانی فێرکردنی نوێ، ئەوەی کە بەرهەمی زیرەکی دەستکردە، پێویستە لە ژوورەکانی فێربوونی باخچەدا دادپەروەرانە دابەشکرابن تا گشت منداڵان بەبێ جیاوازی سوودی لێ وەربگرن.

کردەی فێرکردن و فێربوون لەژێرسایەی زیرەکی دەستکرد، فرەلایەنە و پەروەردەکاران پێویستە ئەم لایەنە بەهەندوەربگرن. هاوکات ئەم جۆرە تازەیەی فێربوون داوامان لێدەکات بەئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ فێربوونی نوێ بکەین و لە ئەرکە پەروەردەییە نوێکانیش بەئاگابین. ئەمەش بۆتە پێویستیەکی ژیانی و داوامان لێ دەکات خۆمان بگونجێنین لەگەڵ ئەو فێربوونە نوێیانەی زیرەکی دەستکرد هێناویەتی بۆ مرۆڤایەتی.

# زیرەکی دەستکرد هاک دەکرێت

هاککەرەکان توانیویانە بچنە ناو سیستەمی نامە ناردنی ناوخۆیی کۆمپانیای OpenAI و زانیاری لەسەر تەکنەلۆژیاکانی AI ی کۆمپانیاکە بدزن.


ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە ڕاپۆرتێکدا ئەمڕۆ هەینی ڕایگەیاندووە کە، کۆمپانیاکە ڕووداوەکەی لە کڕیارەکانی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی شاردووەتەوە و تەنها کارمەندەکانی ئاگادارکردووەتەوە.

کارگێڕان بڕیاریاندا ئەو هەواڵە بە ئاشکرا بڵاونەکەنەوە، چونکە هیچ زانیارییەک لەسەر کڕیاران یان هاوبەشەکانیان نەدزراوە، هەروەها ڕووداوەکەیان بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی نەزانیوە، چونکە پێیانوابوو هاککەرەکە کەسێکی تایبەتە و هیچ پەیوەندییەکی ناسراوی لەگەڵ حکومەتێکی بیانیدا نییە.

هاککەرەکە توانیویەتی دەستی بە گفتوگۆکان بگات لە میانی کۆڕێکی ئەلیکترۆنی بۆ کارمەندانی OpenAI، کە تیایدا باسیان لە نوێترین تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد کردووە، کە لەلایەن کۆمپانیاکە پەرەی پێدراوە.

ڕۆژنامەکە بە پشتبەستن بە دوو سەرچاوەی ناو کۆمپانیاکە بڵاویکردووە، کە هەندێک لە کارمەندانی OpenAI پێشتر هۆشداریان دابوو لە ئەگەری قۆستنەوەی وڵاتانی وەک چین لەو جۆرە هێرشانە بۆ دزینی تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد، ئەمەش دەتوانێت ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا بخاتە مەترسییەوە.

سایتی خەڵک



# کوردستان بێ مامەیارە نابێ لە مامەیارەکەی بابانەوە بۆ مامەیارەکەی پێنجوێنی هەمیشە سەوز



عەلی محەمەد چوارتایی

بۆ فریشتەکەی ڕۆژهەڵاتم، بۆ گوڵە هەرمێکەی چیای ئەربابا و کەلیخانی ڕەشید خان !بۆ دار قەزوانەکەی شاخی وەنەوشەی سەقزی دڵم. سەردەمێک ڕۆژهەڵاتەکەم زیندانێکی گەورەی دووژمنان بوو. هەناسەی ئازادی زیندان و یەخسیربوو، کتێب و سرود و شای و لۆغان، مردن و سزای لە دوابوو، سێدارە لە شوێنی پێنووس و زیندانیش لە شوێنی کتێب و سرود بوو..

جەژنی نەورۆز و هەڵپەڕکێی کیژان و کوڕانی نیشتمانم زیندان و کوشتنی لە دوابوو، گۆرانی و سەمای پڕوشەی بەفر و بارانی بەخوڕ مەرگی لە دوابوو، ئێوارەیەکی نەورۆزی نیشتمان لە شاخی وەنەوشەی سەقز گەنجان و لاوانی ئازای نیشتمان ئاگری پیرۆزی نەورۆزیان کردەوە، بەدەنگێکی زوڵاڵی ئاڵتوونی سرودی نەورۆزیان چڕی، دەنگ و زەنای سرودێکی نوێ گەیشت ناوشاری سەقز دەنگی بێدەنگی شکا و لە کوچە و کۆڵانی شار ئاگر کرایەوە، سرودی نەورۆزیش مەشخەڵ و گڕێکی پیرۆز بوو، دوژمنانی هێنایە لەرزە.

شەوەکەی دەستکرا بەدەستگیرکردنی لاوانی شار. هەر ئەوشەوە "شەریفی قورئانی" کوڕی نەورۆز، بەناو تاریکی شەوێکی پڕ مەترسیدا، بەرەو سنوور کەوتەڕێ، هەڵۆیەکی تیژی بەهێزبوو، هەنگاوەکانی سنووری دەستکردی ورد و خاشکرد، دیدە بەهێزەکەی لەو شەوەدا چرایەک بوو تووڵە ڕێگا تاریکەکانی دەکرد بەچراخان، لەگەڵ گزنگی سپێدەیەکی نوێدا گەیشت بەبلکیانی بەهەشتەکەی پێنجوێن. بوو بە مسافیرێکی کاروانی ئەیلوولییەکان وەک بازێکی چاوتیژ لەم چیا دەچوو بۆ ئەو چیا.

گرمە و ناڵە لە هەرکوێ بوایە ئەم پێشمەرگەی ئەو سەنگەرە بوو زام لە هەرکوێ بوایە ئەم تیمارکەر بوو، هێرش لەهەر کوێ بوایە ئەم جەنگاوەر بوو! خەندە لە هەرکوێ بوایە ئەم سەرچۆپی کێشبوو، لە شەوێکی باراناوی بلکیاندا هەواڵێکی جەرگبڕ گەیشت بەدڵی، ئەویش خامۆشبوون و کوژاندنەوەی چرای شۆڕشی نیشتمان بوو! چەکەکان بێدەنگ کران، چەپەر و سەنگەرەکان ڕووخان هیوا سەوزەکان زەردبوون، هەڵۆکانی ئاسمان لە فڕین کەوتن، کەو قاسپەی لە شاخ نەما، هەورەکان لە بارین کەوتن.

چرای هیواکانی خەڵک خامۆشکران، بەڵام "شەریفی قورئانی" باوەڕی قەندیل بوو هیچ هێزێک نەیدەتوانی بیڕوخێنێ کەسکی ڕۆحی پڕ لە ئومێد بوو، شەیتانەکانی ڕۆژگار نەیاندەتوانی زەردی کەن! هیوای بۆ ژیان و بۆ داهاتوو پڕ لەورەی سەوزبوو، ئەو باوەڕی بەگلان و نسکۆ نەبوو مرۆڤێکی پشوو درێژ و خۆڕاگر و ئازابوو، ئەوکاتەی زەنگی نوێ و مەشخەڵی نوێ لە چیاکانی عەواڵان و شلێر لێدرا، شێر ئاسا خۆی گەیاندە لووتکەی چیاکان، دوڵ بەدۆڵ، زنار بەزنار، لووتکە بەلووتکە دەگەڕا بەدوای پۆشاکە سەوزەکانی پێنجوێندا.

ڕۆژ دەهات و شەو تەواو دەبوو، عاشقێکی عەوداڵ بوو هەنگاوەکانی جەستەی ماندوویێتیان نەدەزانی. سپێدەی بەیانییەکی هاوین بوو خۆی گەیاندە باڵای شاخی "حەسرۆک" پێشمەرگە پۆشاک سەوزەکانی پێنجوێن لەناو ڕەوەز و ئەشکەوتێکی ئەم چیا سەختەدابوون، هەر لە دوورە بوو هاوار و زەنا، ئەرەوەڵا "شەریفی قورئانی" گەیشتەلامان یاخوا بەخێربێیت کاکە شەریف بۆناومان، بەهاتنی تۆ شۆڕش گەشەدەکا و بەرەوپێش دەڕوا، لەگەڵ یەکەم هەنگاوی بۆناو ئەشکەوتەکە چاوەکانی پڕ لە گریان و خۆشیبوو، یەکبەیەکی پێشمەرگە پۆشاک سەوزەکانی پێنجوێنی ماچکرد تاوێک دەگریا و تاوێکیش خەندەی شیرین دەچووە سەر لێوەکانی، بوو بەمیوانی کاروانێکی بێکۆتایی.

شەوانە گوند بەگوند دەگەڕان و ڕۆژیش لەناودڵی شاخەکانی کەونەڕەش و بەیبوک و شاخی شەوەقەت و قەڵای کچێدا خۆیان حەشار دەدا. پۆشاک سەوزەکانی پێنجوێن کوڕی ڕەوەز و شاخەکانی نیشتمانبوون "شەریفی قورئانی" بوو بەیەکێک لە پێشمەرگە پۆشاک سەوزەکانی سەردەمێکی نوێ، شاخ بەشاخ، دۆڵ بەدۆڵ، لووتکە بەلووتکەی نیشتمان دەگەڕا و پەیامی نوێی دەگەیاند بەعاشقانی نیشتمان. لەم کاروانە سەختە بێکۆتاییەدا هەرگیز جەستە و ڕۆحی ماندوویی نەدەزانی، دەیانجار مەرگی بەچاوەکانی بینی. چەندینجار مەرگ ئامێزی جەستەی بوو. بەڵام ئەم مەرگی ڕاودەنا و بەردەوامی بەژیان دەدا، کام سەنگەر سەخت و دژوار بوایە ئەم لەوێ بوو.

بوو بەیەکێک لە دوانزە سوارەکەی مەریوان، بوو بە یەکێک لە تۆپچییە دەستڕاستەکانی شۆڕشی نوێ، کام مۆڵگای دووژمن بەهێز بوایە، ئەم بەهاوەن و کاتوێشا وێرانی دەکرد.

لەگەڵ گەورەبوونی شۆڕشدا، تەمەنی ئەمیش هەڵکشاو بوو بەپیرە هەڵۆیەکی ڕۆح سپی چیاکانی کوردستان. دواجار پیاوە شەیتانەکانی ئەهریمەن لە ڕۆژێکی بەهاریدا هێرشیان کردەسەر سەنگەرەکەی و لە قەڵای خورماڵ خۆی و پێنج هاوڕێیان شەهید کرد! دواجار مامەیارەکەی پێنجوێن لەناو سەنگەری بەرگریدا ڕۆحی بەخشی بەنیشتمان، هەزار چەپکە گوڵ بۆ مەزار و گڵکۆی پیرۆزی.

چەند دێڕێک لەسەر ژیانی پێشمەرگایەتی شەهید..

"شەریف محەمەد ساڵح" ناسراو بەشەریفی قورئانی، ساڵی (1941) لە شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە. ساڵی (1961) پەیوەندی کردووە بەشۆڕشی ئەیلوولەوە. دوای ناسکۆ دەچێتەوە بۆ شاری بانە و ساڵی (1977) پەیوەندی دەکات بەمەفرەزە سەرەتاکانی شۆڕشەوە. دەچێتە دەستەکەی خوالێخۆشبوو "بەکری حاجی سەفەر"ەوە. دواتر لەگەڵ خوالێخۆشبوو دەچێتە هەرێمی (٣)ی شارباژێڕ. کە ئەوکات خوالێخۆشبوو کاک بەکر ئامر هەرێمی (٣)بووە.

ساڵی (1985) دەچێتە تیپی (37)ی شارباژێڕ، ساڵی (1987) بوو بەفەرماندەی کەرت لە تیپی تۆپخانەی شۆڕش، دوای ئەنفالەکان دەچێتە بەتالیۆنی (7) دوای ڕاپەڕین دەبێ بەلێپرسراوی بەتالیۆنی تۆپخانەی هێزی پێنجوێن، ساڵی (1993) دەبێ بەفەرماندەی هێزی (4)ی پێنجوێن، ڕۆژی (٥/5)ی ساڵی 1994 لەگەڵ چوار هاوڕێیدا دوای چوار کاتژمێر شەڕ لە قەڵای خورماڵ شەهید دەبن.

مانگی (5/ی ساڵی 1981 کەرتی (١)ی هەرێمی (٣) لەگەڵ کەرتی هەرێمی (٣) سێ بەسەرپەرشتی کاک بەکری حاجی سەفەر و شەهید "عەلی چوارتایی، شەریفی قورئانی" بەهاوەنی (81ملم) هاوانبارانی ڕەبایەکانی ئۆردوگای سوورە قەڵاتیان کرد، هاوەنەکان شوێنی خۆیان پێکا، هەر لە هەمان مانگدا هەمان هێز لە نێوان گوندی بەردەزەرد و مێکوکاندا هاوانبارانی سەربازگای چوارتایان کرد و گولە هاوەنەکا



# نیشتیمان لە بەرداشەکانی سیاسەتبازیدا

ئەحمەد حەمەسالح مەعروف



لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە هەتا ئیمڕۆش، قسەکردن لەسەر سیاسەت جێگەی مشتومڕی فەیلەسوفان، بیرمەندان، توێژەران، کەسانی ئەکادیمی و خەڵکانی سیاسی بووە، بۆ شرۆڤەکاری و بەراوردکاری هەر قسە و باس ولێکۆڵینەوەو دەرئەنجامێک، لەسەر سیاسەت سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێین کە.

١/ ڕاستە مرۆڤ  بۆ خۆی بونەوەرێکی سیاسیە، بەڵام  لە کۆمەڵگاکانداو بەتایبەت لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا هەمووان  لە کایەکانی حکومەتداری و بازنەکانی حیزبایەتیدا،سیاسەت ناکەن و هەمووانیش هەر بە سیاسەتەوە سەرقاڵ نەکراون،بەڵام  لە سنوری هەر فەرمانڕەوایەکدا کە ناجێگیری سیاسی، کارگێڕی، ئابوری و کۆمەڵایەتی هەبوو، ئەوا ئەو کۆمەڵگایە بەشێوەیەکی نازانستیانە، ناپەروەردەییانە و نامرۆڤایەتیانەش، دەخزێنرێنە نێو بازنەکانی سیاسەتبازیە کەسی وحیزبایەکانەوە.

٢/ ڕاستە لە هەر سنورێکی فەرمانڕەوایەتیدا،زانستی سیاسی لە هەر دەروازە و کەلێنێکەوە لە هەست و پێویستیەکانی هاووڵاتیان دەکۆڵێتەوە،کە ڕێگەو بابەتەکانیشی بریتین لە ڕاوبۆچون،بەشداری سیاسی، پێگەوکەسایەتی کاربەدەست وسەرکردە،ڕایگشتی،پرۆسەی دەنگدان وتوانای بڕیاردان،توندوتیژی  و شەڕی دەروونی وپروپاگەندە،ئەو ڕێگەو فاکتەرانەن کە لە پشت گفتارو ڕەفتاری سیاسیەوەن، ئەمەش لەبازنەکانی ئازادی و دیموکراتیدا،بۆ خزمەتکردن بە نیشتیمان و مرۆڤایەتی بێت،یاخود لەبازنەکانی چەواشەکاری ودەمامکداریدا،لەپێناو هەرجۆرێکی خۆسەپاندندا بێت، لەهەردوو ڕەوشەکەدا هەوڵدانێکە بۆ کاریگەری دانان بە مەبەستی هێنانەدی بەرژەوەندی، پێداویستی  و ئامانجە دیاریکراوەکان .

ئەگەر بمانەوێت بە بیرکردنەوەیەکی نیشتیمانیانەولە پێناو شکۆداربوونی هاونیشتیمانانداا، قسەو باس لە سیاسیبوون وسیاسەتی پاراستنی بەرژەوەندیەگشتیەکان وحکومەتداری بکەین، ئەوە پێویستە لەبلیکانەکانی شکۆداریەتی مرۆڤ و چەمکی هاوڵاتیبوونەوە پەنجەرەی ڕوانینەکانمان فراوان بکەین، لە دەرەوەی بازنەکانی تاقمگەرایی، قۆرخکاری وستەمکاریەکان، لە زانستی سیاسەت ودەرئەنجامەکانی تێبگەین، ئەوە وەک لە خوارەوە و لە چەند خاڵێکدا ڕوونکراوەتەوە، دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە تێگەیشتنی جیاواز بۆ چەمکی سیاسەت هەیە.

* لەکایە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا،سیاسەت واتە هونەری حوکمکردن کە دەکاتە هونەری داڕشتنی سیاسەتی بەڕیوەبردن، دارایی، پەروەردەیی، تەندروستی، ژینگەیی و یاسایی وهتد.  ئەمانەش پێویستیان بە پلاندانان و بەڕێوەبردنێکی کارا و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن هەیە، لە کۆی کایەو سێکتەرەکانی حکومەتداریەکی شایستە بە ئیمڕۆیەکی دیارو ئایندەیەکی گەش.

کاتێک لە ڕۆشنایی ئەو دەروازە ڕاست وزانستیانەوە،شرۆڤەو لێکۆڵینەوە بۆ مومارەسی سیاسەتێکی ڕاستی نیشتیمانیانەی سیاسیەکانی خۆمان دەگەین، دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە مێژوومان لەشاخ وشار لێوان لێوە لە ڕەوشەکانی سیاسەتبازی حیزبایەتی و کەسی و بنەماڵەیی، دەرئەنجامیش مەترسیدارانە تورەیی، ڕق، تۆڵە، یەکترقبوڵنەکردن، بیری یەکترسڕینەوە و وابەستەیی دەرەکی بوونەتە بنەمایەکی خراپ لە پراکتیزەنەکردنی سیاسەتێکی ئومێدەبەخش بە خۆشگوزەرانی نەتەوەیی.

*سیاسەت واتە گفتوگۆ و دانوستان و ڕێککەوتن وپێکهاتن، ئەگەر لێرەدا دوو لایەنە باسێک لەم تێگەیشتنە بگەین، زۆر بەکورتی دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە بە درێژایی مێژوومان لە ناوخۆدا سیاسیەکانمان هەر خەریکی سازان بوون و نەسازاون، لەدوێنێ و ئیمڕۆیاندا بۆ حەزە سالارێتیەکانیان لێزان و یاریزانێکی کارامەن، کە ناوخۆمان بەردەوام لە پاشەکشەدابوبێت، بێشک لەبەرامبەر دەرەوەشدا حیزبە باڵادەست و دانوستانکارەکانمان یان دۆڕاون یاخود تەسلیم بە ئەجێندا دەرەکیەکان بوون، کورد وتەنی تاگەیشتن بە ڕەوشی جاشایەتی.

* سیاسەت واتە پاراستنی بەرژەوەندیە گشتیەکان، بەپێی ئەم تێگەیشتنە بێت دەبێت سیاسەت بەتەنها لە بازنەی خەمە گشتییەکان بمێنێتەوە، کەچی لەلای ئێمە خەون و خەمە گشتییەکان لە گۆڕنران، سیاسەتبازی بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە تایبەتییەکان داهێنرا، بەداخەوە هێز و سامانە نیشتیمانیەکانیش خزێنرانە نێوە بازنەی سالارێتیەکانەوە،هەر بۆیە گەیشتین بە لوتکەبوونی ناوئومێدی،نادادی،نائارامی،نارِوونیەکان.

هەر کاتێکیش وەک دەیان ساڵەی مێژوومان،کە هاونیشتیمانیان لە نارۆشنی و ناڕاستگۆی (دروشم و واقیع، حەقیقەت و وەهم،گفتارو ڕەفتار) ی حیزبدا گیرۆدەی  تارمایەکان کرا، و ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتن لە چەمکەکانی هاوڵاتیبون،ئازادی،دیموکراتی،یاسا ودادپەروەری دابەزێنرا،ئەوە بازنەی یاریکردن بە هەست وسۆز و بیرکردنەوە مرۆڤایەتی و نیشتیمانیەکان فراوان بوون و دەبن،ئەمەش واتای فراوانبوونی بازنەکانی سیاسەتبازیە سالارێتیەکانە.

کتێکیش کە سیاسەتبازی بووە، دیاردە خەڵکی لە نێو خویاندا دەبنە دوو بەش ستەمکارو ستەملێکراو، بەم شێوەیە هاوسەنگی  دەبێتە حاڵەتێکی دەگمەن وبە ئاستەم بەدی دەکرێت. ئەگەر ئەم چەند وشەیەی سەرەوە هەندێک کەس بە نەشیاوی بزانن،وەرن با لە خۆمان بپرسین، ئەرێ لە زەمەنی ژێردەستەیمانەوە هەتا ئیمڕۆش (هاوڵاتی پلەیەک و پلە دوو،حیزبی و ناحیزبی،ناوچەگەرێتی،ئاگراوی کردنی حەماسی حیزبی و کاڵبونەوەی ئینتیمای نیشتیمانی بەردەوامی نیە؟.کەواتا  بەرئەنجامی پرۆسەی بەساویلکەکردن و هەڵخەڵەتاندن و چەواشەکاری و فریودان وپاراستنی پەرژەوەندیە تاکڕەویەکان،لەبری یەکترقبوڵکردن،زمانی شەڕ و بۆنی خوێنی زاڵترکردوە،لەبری بنیاتنان و ئاوەدانی،بازنەکانی تاڵانکاری و قۆرخکاریان فراوانترکردوە، بەداخەوە ساڵانیکە ئەوەی لە لایەن تاکڕەوانەوە کراوە و دەکرێت ،وتراوە و دەوترێت ،ئەم ڕەوشە نەخوازراوە شێوێنراوەی نێو ماڵی کوردی لێبەرهەمهێنرا .

لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین، کە بەخۆ ڕێکخستنەوەو یەکترقبوڵکردن وهاتنەدەر لە وەهمە حیزبیەکان نەتەوەی زیندو ڕوبەڕوی واقیعی سەپێنراو دەبێتەوە و ژیانی خۆی دەگۆڕێت و ئایندەیەکی نیشتیمانی بنیات دەنێت،کەواتە پێویستە هەمووان و تایبەتتر ڕۆشنبیران و خوڵێقێنەرانی ڕەوشە نانیشتیمانیەکان ئەو ڕاستییە باش بزانن،کە ئێمە وەک تاک پێویستمان بە ژیانێکی شایستەیە،کەئێمە وەک نەتەوە پێویستمان بە پێشکەوتن و بنیاتنان و دیموکراتیەتە، لەم تێگەیشتن و بڕوابوونەوە سەرکردەی نیشتیمانیمان بۆ درووست دەبێ و کاروانی نیشتیمان ڕوو لە لوتکەبوون دەکات.




وەرگیراوە

# ١٢ بروسکە چیرۆک

## نوسینی: هێدی گەلاڵی



نامەرد
لەگەڵ هەڵبونی گلۆپی سوری ترافیک لایتەکەی دەروازەی شار ئەویش بە ئۆتۆمبێلە دوا مۆدێلەکەی گەیشت لە چرکەساتی چاوەڕوانی هەڵبوونی گلۆپی سەوز وەستا بوو. دوو منداڵی تەمەن حەوت هەشت ساڵان لە تەنیشت ترافیکەکە بە هێواشی بەهەردوو دەست لە جامی ئۆتۆبێلەکەیاندا! وتیان:
باوکمان مردووە و دایکیشمان نەخۆشە
خاوەن ئۆتۆمێلەکەش نەیکردە نامەردی جامەکەی کردەوە دوسەدو پەنجا دیناری پێدان!
خۆزگە
گوێی هەستیان بۆ یەک مەبەست قوڵاخ کردبوو لەتەنیشت یەکەوە دانیشتبوون وێنەی دوو بولبوولی خۆشخوان لەبەرخۆیانەوە بە هێمنی گۆرانیان بۆیەکتر دەچڕی باسی ژیانی داهاتوو و چوونە ناو قەفەزی زێڕینی هاوسەرگیریان دەکرد. لە پڕ نیگای چاوەکانیان بۆسەر گوڵە سوورەکانی ناو ئەو تابلۆیە فڕی کە لە قەد دیواری کافتریاکە هەڵواسرا بوو.
ئەو گوڵەی لە چوار دەوریدا خانویەکی بچوکی لە تەختە دروستکراو و باخچەیەکی چوارگۆشەیی و دەوری بە ڕەیحان چێنراو و ناوەوەی چیمەنێکی چڕ داپۆشیبوو.
هەردوکیان پێکەوە چاویان لە تابلۆی قەد دیواری کافتریاکە بڕیبوو ئاهێکیان هەڵکێشاو وتیان : بریا لەوێ بونایە وەک دوو هاوسەر لە تابلۆی ژیاندا بەختیارترین خێزانمان پێک دەهێنا!
ئازادی
چەندە مرۆڤ ئازادی پێ خۆشە هێندەش گیان لەبەرەکانی دیکە. باڵندەکان لە دەستپێکی ژیانیاندا لە بەرزی و بۆشایی ئاسمان نەبێ چێژ لە فڕیندا نابینن! لە قۆناغێکی دیکەی ژیانیان تەنیا چێژ لە نیشتنەوەو نزم فڕیندا دەبینن !! سروشت و ڕێسای ژیان بۆ بونەوەرە جیاوازەکان وەک یەکە.
دەخیلە
هێشتا تەمەنی شەش ساڵان بوو باوکە هەژارەکەی توشی نەخۆشیەکی درێژخایەن ببوو. تازە ناردبویانە بەر خوێندن دایکی دەخیلەیەکی بچوکی لاکێشەی لە دار دروستکراوی بۆ کچە تاقانەکەی کڕی. ڕۆژانە نیوەی ئەو پارەیەی کە بۆ خەرجی قوتابخانە وەری دەگرت دەیخستە ناو دەخیلەکە و جار جارەش دەخیلەکەی لە ناو کەنتۆری نوێندا دەردەهێنا و توند بە سنگی خۆیەوە دەنوساند بۆ چەند ساتێک زەردەخەنە دەبووە میوانی لێوە تەنک و ناسکەکەی.
دوای ساڵێک بە ڕوویەکی گەشەوە ڕووی لە دایکی کرد و بە دایکی وت:
لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەدا ئەمساڵ جلی تازە ناکڕم .
باوکم پێویستی بە چارەسەرە!!
دڵنەوایی
زەردەخەنە پەرییە سەر لێوی و توندتر کۆرپەکەی بە سنگییەوە نوساند! تێر بۆنی کرد و هەناسەیەکی گەرم و شادی پڕ بە سیەکانیەوە هەڵکێشاو وتی : ئێستا بشمرم ئاساییە! مردنێک لە ساتەوەختی دڵنەوایی.
بڕیار
بڕیار درا ؛ کارەبای مەزرەعەو باخچەو ڤێلاکان کە بە نایاسایی و نا فەرمی ڕاکێشراوە ببردرێن. دوای بەدواداچوونی ڕۆژنامەنوسێک بۆ بڕیارەکە ڕایگەیاند : کێ بوێری ئەوە دەکا کارەبای مەزرەعە و ڤێلاکانی بەرپرسانی حزب ببڕێت!!
زمان
ڕەش پێست
لە دوورەوە بە قژە خاو و قەترانیەکەی لە کچە کاشێرەکانی دیکەی مۆڵەکە جیادەکرێتەوە. زۆربەی کات خەندە لەسەر لێو و گۆناکانیەوە بەدی دەکەیت. کاشێرێکی ڕەش پێست، بەڵام قسەکانی شیرین !
وتم : بەڵێ ئەوەی بەشداری جەنگی کردبێ تا ئەبەد بۆنی باڕووتی لێدێت!
ڕێبەر
دوای کۆچی سەرۆک ئەو وەک شازادە بووە جێگرەوەی تا کارەکانی مەملەکەت ڕاپەڕێنێت.
لەبەڕێوەبردنی کاروباری مەملەکەت سەرکەوتوو نەبوو هەڵپەی خاوەن شکۆیی و زیادکردنی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەی دەکرد! بێ ئاگا لەوەی کە ڕێبەرایەتیکردن ئەرک و مەترسیە نەک خاوەن شکۆیی!
قومری
لە دامێنی گردەکەی ئەوبەری گوندەکەمان بە لارو لەنجە هێدی هێدی بەرەو سەوزایی قەدپاڵ و بەردەلانەکە هەنگاوی دەنا!لە شێوەی پەلکەزێڕینە خۆی دەنواند . لێی نزیک بوومەوە چاودێریم کرد بۆئەوەی بزانم بە کوێ دەگات؟.
جوانیەکەی هێند سەرنجراکێش بوو چاوەکانم تێر نەدەبوون لە تەماشاکردنی!
دوای چەند خولەکێک بینیم بێچووە قومریەکە بەرەو هێلانەکەی دەڕوات!
هەڵوێست
هاوڕێکەم پێی وتم : دەزانی ئەو ژنەی کۆڵانمان تا بڵێی کەسێکی جوان و شیک پۆشە ! نەمهێشت قسەکەی تەواو بکا وتم: جوانی مرۆڤەکان لە ڕوکەشدا نیە، لە ناوەوەیدایە!

## یەکەم چاپخانە لە سلێمانی؛ چاپخانەی کامەرانی

### شوێن: سلێمانی

### ساڵی گیرانی وێنەکە: 1979-1980

وێنەکە: (کۆمەڵێک کەسایەتی لە بەردەم ئامێرێکی چاپکردن لە چاپخانەی کامەرانی لە شاری سلێمانی).
ناوی وێنەگر: (نەناسراو)
محەمەد حاجی عەزیز قەفتان بۆ برەودان بە چاپەمەنیی و باشتر چاپکردنی پەرتووک، لە 1981 باشترین ئامێری چاپ، کە هیی براندی(هایدلبێرگی ئەڵمان)یی بووە، هێناوەتە شاری سلێمانی.
کاک هاوژین، نەوەی حاجی عەزیز لە بارەی ئەم وێنەیەوە نووسیویەتی:
ئەم وێنەیە ساڵانی 1979-1980یە، دوای ڕێکەوتنی بەڵێننامەکەیان بە دوو ئامێری پێشکەوتوو، یەکێکیان لای (نۆ تایپ) بۆ باپیرم و (ئۆفسێت)ێک بۆ مامە کامیل، لە ساڵی 1981 گەیشتە کوردستان، لە هەموو ئێراقدا شەش دانە هەبووە، لە کوردستان یەکەم چاپخانە لە سلێمانی چاپخانەی کامەرانی هەیبوو، وە (ئۆفسێت) هەر چاپخانەی سەرکەوتن هەبوو.



# راسپۆتین..پیاوە شەهوەتبازەکە !!!



## ن: د. کامەران محەمەد

(دڕندە سەرخۆشەکە، شەهوەتبازەکە، بۆن ناخۆشەکە...... تاد) ، ئەو وەسفانەن، کە بەدرێژایی سەدەیەک وەک هاوواتایەک بۆ ناوهێنانی راسپۆتین بەکارهات !کەس نیە هێندەی راسپۆتین لە مێژوودا وێنەی شێویندرابێت!! تەنانەت توێژینەوە زانستییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کوشتنەکەی پلانێکی هەواڵگری بەریتانیا بوو و بە کەسە نزیکەکانی (نیکۆلای دووەم) قەیسەری روسیا جێبەجێکرا! چونکە راسپۆتین فشاری کردبووە سەر قەیسەر تا لە جەنگی جیهانی یەکەم بکشێتەوە و لەگەڵ ئەڵمانیادا رێک بکەوێت! هاوکات بانگەشە و بڵاوکراوە بەلشەفیکەکان زۆر لێزانانە بەکاریان هێنا بۆ ناشرین کردنی بنەماڵەی قەیسەر لای خەڵکی! ئەویان وەک کەسێکی شەهوەت پەرست وێناکرد! چونکە ئەو توانیبووی بەهۆی چاککردنەوەی کوڕە نەخۆشەکەی قەیسەرەوە وەک فریادرەسێکی تزاریی لێی بنوارێت و هێنرایە کۆشکەوەو کاریگەرییەکی گەورەی لە کۆشکدا بەدەست هێنا، تەنانەت لەناو خودی ئەنجومەنی دۆمای روسیادا لایەنگری زۆری بەدەستهێنا و بووە مەترسی بۆ سەر بەشێک لەو کەسانەی کە دژایەتییان دەکرد!! بۆیە بەرەی دژایەتیکردنی تەواو فراوان بوو، دیارە لە کۆمەڵگەی دواکەوتوودا پرسی داوێن پیسی پێویست بە سەلماندن ناکات و وەک ئاوی ناو پووش بڵاو دەبێتەوە! بۆیە لەساڵی 1917 دا واتە ساڵی شۆڕش وێنەی راسپۆتین بووە کەسێکی سەرخۆش و بێڕەوشت ..یەکێک لە سەرنجراکێشترین هەواڵی ئەو رۆژنامانەی کە شۆڕشگێڕان بەناو خەڵکیدا بڵاویان دەکردەوە، پەیوەندییە هەوەسبازی یەکانی ئەو بوو لەگەڵ هاوسەری قەیسەر !

تەنانەت چەندەها وێنەی کاریکاتێری ئابروبەرانەی ئەو دووانەیان تێدا بڵاو دەکردەوە! هاوکات لەلایەن رکابەرە پێشینەییەکانییەوە لە کۆشکدا دژایەتییەکی زۆر کرا، وەک قەشە ئیلیودور کە راستەوخۆ دوای گەڕانەوەی لە مەنفا کتێبێکی بەناوی شەیتانی پیرۆزەوە لەسەر بڵاوکردەوە! ئەو بەهۆی ئەو دەسەڵاتەی لە کۆشکدا هەیبوو دوژمنێکی زۆری لە کۆشک و دەرەوەی کۆشکدا هەبوو، بەتایبەت لەنێو سەرکردە سیاسی و سەرباز یی و پیاوانی ئایینی ئەرسەدۆکسیدا! کە پێشتر هەموویان لایەنگری بوون و دواتر بەهۆی بەهێزییەوە بوونە دوژمنی! بە دڵنیاییەوە شێواندنی وێنەی ئەو بەرنامە بۆ داڕێژراو بوو! بەتایبەت لە ژیاننامەکانیدا و لە سینەما و تەلەفزیۆنیشدا! کتێبەکەی کۆلن ولسون بەناونیشانی راسپۆتین و ڕوخانی قەیسەرەکان وێنەیەکی تەواو جیاوازی ئەو کەسایەتییەمان پیشان دەدات و ئەوەشمان پێ دەڵێت کە مێژوو دەتوانێت مرۆڤە باشەکان بخاتە خراپترین خانەی خۆیەوە و مرۆڤە خراپەکانیش بگەیەنێتە لوتکەی مرۆڤایەتی بوون !


زیاتر لە سەد ڕۆمان و ژیاننامە لەسەر ژیانی راسپۆتین نووسراوون! بەڵام هیچیان نەیان توانیوە بەشێوەیەکی بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر بکەن !بەڵام کۆلن ولسون توانیویەتی تا ئەندازەیەکی باش بچێتەوە بە بەڵگەنامە و ئەرشیف و نامە تایبەتەکانی خێزانی فەرمانڕەوا و بەڵگەنامە نهێنییەکانی پۆلیسی نهێنی ئەوکاتدا! تەنانەت چوو بۆ سیبریا شوێنی لەدایک بوونی راسپۆتین تا زانیاری لەسەر ژیانی سەرەتای ئەو دەست بکەوێت !بۆیە کتێبی راسپۆتین و ڕوخانی قەیسەرەکان هەوڵدانێکە بۆ سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنی ئەو کەسێتییەی لە روسیادا زۆرترین جەدەلی لەبارەوە کراوە، نەک هەوڵێک بێت بۆ بەرگریکردن لە وێنە شێواوە کەی یان بێبەری کردنی لەو تاوانانە! بەڵام هیچ ساڵێک ئەفسانەی راسپۆتین هێندەی ساڵی 1917 گەورە ناکرێت! واتە ساڵی شۆڕش! شۆڕشگێڕان لە گۆڕەکەی دەریان هێناو تەرمەکەیان سوتاند !

چوارساڵی دوایی واتە تا نزیکەی ساڵی 1921 وە زۆرترین نووسین لەسەری نوسران و وەک دڕندەیەکی سەرخۆش و دەستدرێژکەرێکی ژنان وێناکرا! تەنانەت لە ڕۆژئاوادا راسپۆتینزم بووە زاراوەیەک کە گوزارشت لەو بزووتنەوە هەوەسبازییە دەکات کە سەما و وروژاندنی سێکسیی و ئاین سروتەکانی پێکهێنابوو! تەنانەت وا خرایەڕوو کە ئەم بزووتنەوەیە کردنی تاوان بە گرنگ دادەنێت تا بیانوویەک بێت بۆ داواکردنی لێخۆشبوون!!

بۆیە ناوی راسپۆتین دەبێتە هاوواتای ڕووتی و هەوەسبازیی !!!بەڵام ئەوەی کولن ولسن بۆی دەرکەوت ئەوەبوو کە راسپۆتین نەک سەرخۆش نەبووە! بەڵکو زۆر بەکەمی (مەی) خواردووەتەوە !بەڵکو ئەو ڕاستییەی ئاشکرا کرد کە مێژوونووسانی حکومەتی سۆڤێتی زۆر باش توانیان ئەو کەسێتییە بەکاربهێنن بۆ ناشرین پیشاندانی فەرمانڕەوایەتی نیکۆلای دووەم! چونکە راسپۆتین بڕوای تەواوی بە مافی خودایی پاشاکان هەبوو و بەڵێنیشی دابوو کە خۆی بۆ خزمەتکردنی ئەو بنەماڵە تەرخان بکات!! بۆیە بابەتی راسپۆتین بەپلەی باڵا بابەتێکی سیاسییە نەک زانستی و ڕاستی!!!

## گریگۆری ڕاسپۆتین
## قەشەیەکی ڕووسی (١٨٦٩-١٩١٦)

گریگۆری یافیموڤیچ ڕاسپۆتین (بە ڕووسی: Григо́рий Ефи́мович Распу́тин، بە ئینگلیزی: Grigori Yefimovich Rasputin) (٢٢ی کانوونی دووەم ١٨٦٩ سیبیریا، پوکرۆڤیسکۆی - ٣٠ی کانوونی یەکەم ١٩١٦ سەنت پیتەرزبورگ) لە گوندی پوکرۆڤیسکۆی لە سیبیریا لەدایکبووە، قەشەیەکی داوێنپیس و فێڵبازبووە، لە جوتیارێکی کۆلکە و خوێندەوار گەیشتووەتە ناو ماڵ و خێزانی قەیسەری ڕووسی و لەژێر پەردەی ئایینی پیرۆزی مەسیح، بە دەیان وەزیر و ژەنەڕاڵ و فەرمانبەری گەورە و خاوەن پلە و پایەی ڕژێمی لەگەڵدا بوو، بەوە ناسراوە کە هێزێکی لە ڕادەبەدەری هەیە لە هێزی موگناتیسی چاوانی، قەیسەری تێگەیاندبوو کە دەتوانێت پێشبینی هەموو شتێکی بۆ بکات، تەنانەت لەیەکێک لەپێشبینیەکانیدا بۆ قەیسەری نووسیبوو: «ئەگەر هەر کەسێکی خزمت بمکوژێت، لەماوەی دووساڵدا هەموو کەسوکار و وەچەکانت بەدەستی میللەتی ڕووسی دەکوژرێنەوە» و ڕاست دەرچوو، دوای کەمتر لەدوو ساڵ بەسەر کوژرانی ڕاسپۆتیندا، بەلچەفیەکان قەیسەر و ماڵ و منداڵیان لەسێدارەدا و بەوەش کۆتا بنەماڵەی ڕۆمانۆڤ لەڕووسیادا کۆتایی هات. لە ساڵی ١٩١٥دا لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەم، کاتێک قەیسەر نیکۆی دووەم بۆ بەسەرکردنەوەی بەرەی شەڕ، سەنت پیتەرزبورگی بەجێهێشتبوو دەسەڵاتی ڕاسپۆتین گەیشتە لوتکە ئەوکات ڕاسپۆتین بە ئارەزووی خۆی وەزیری لادەبرد و وەزیری دادەنا لە جەنگی جیهانیی یەکەم گەورەترین تۆڕی سیخوڕی بۆ ئەڵمانیا گێڕاوە لە دژی ڕژێمی ڕووسیا و ئیتاڵیا بە بەرژەوەندی ملیۆنەها خەڵکی کەساس و برسی و ڕەش و ڕووتی میللەتانی ژێر چەپۆکی قەیسەری کردووە، پێش دوو شەو لە بۆنەیەکدا لەگەڵ ژەهرخواردکردنیدا بە فیشەک کوژرا، کە پێدەچێت لە لایەن بەریتانیاوە بێت، چونکە ئەوکات ڕاسپۆتین لەوپەڕی کاریگەریدا بوو و خەریک بوو باوەڕ بە قەیسەر بهێنێت کە یەکلایەنە لەگەڵ ئەڵمانیا ڕێکبکەوێت و ئاشتی بکات، ئەمەش واتای شکانی بەریتانیا بوو لەجەنگەکەدا، دەرئەنجام لە ٣٠ی کانوونی یەکەم ١٩١٦ دەکوژرێت.



ویکیپیدیا

# "هێرشی تورکیا بۆسەر هەرێم و چەند سەرنجێکی سەرەتایی"

## دکتۆر مەریوان وریا قانع

ڕۆژی ٨-٧-٢٠٢٤، کۆبونەوەیەکی ئۆن لاین ڕێکخرا بۆ شیکردنەوەی هێرشەکانی تورکیا بۆسەر خاکی هەرێم و کەسانێکی زۆر بەشداربوون لەو کۆبوونەوەیدا. ئەمەی لای خوارەوە پوختەی قسەکانی من بوو لەو کۆبوونەوەیەدا

(١)

خاڵی سەرەکیی ئەم قسانەی من لەم کۆبوونەیەدا دەمەوێت بیانکەم، لەسەر جیاکردنەوەی دوو جۆر دەوڵەت لە ناوچەکەدا، کار دەکات. یەکەمیان ئەو دەوڵەتانەن، کە دەچنە ژێر ناوی "دەوڵەتی فاشیل"، بە ئینگلیزیی failed states، دووهەمیان ئەو دەوڵەتانەیە، کە خەونی ئیمپراتۆریانەیان هەیە و ناتوانن و نایانەوێت لەناو سنوورەکانی دەوڵەت نەتەوەی خۆیاندا داسکنێن. ئەوەی ڕووئەدات دەرەنجامی ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکییە ئەم دوو جۆرە لە دەوڵەت لەناوچەکەدا بەیەکەوە هەیانە. دەوڵەتە فاشیلەکان لە زیاد لە شوێنێکی ناوچەکەدا ئامادەن، بە تایبەتی لەدوای بوومەلەرزە سیاسییەکەی بەهاری عەرەبییەوەلە ساڵی ٢٠١١دا. ئەمانە ئەو دەوڵەتانەن کە توانای کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان و سەرزەمینی نەتەوەیی خۆیان نییە. کە هێزی ناوەکیی و دەرەکیی تەریب بەو دەوڵەتانە لەناو سنوورەکانیدا ئامادەن و بەمەش سەروەریی سیاسیی خۆی لەدەستداوە. هاوکات توانای دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و ئەو بەرپرسیاریەتیە گشتیانەشی نییە کە دەوڵەتێک نەک تەنها پێیوستە هەیبێت، بەڵکو مەرجی بوونی ئەو دەوڵەتەشە وەک دەوڵەت. نموونەی ئەم جۆرە دەوڵەتە فاشیلانە لەناوچەکەدا سوریا و لوبنان و یەمەن و لیبیایە. عێراقیش، ئەگەرچی شتێک لەم دەوڵەتانە باشترە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتیی سەر بەم مۆدێلەیە لە دەوڵەتی فاشیل. عێراقیش دەوڵەتێکە هەم ناتوانێت سنوورەکانی خۆی بپارێزرێت و هەم پڕیشە لە میلیشیای هەمەجۆر، کە بڕێکی بەرچاویان سەر بە وڵاتانی دەرەکین.هەرچی ئەو دەوڵەتانەیە کە خەونی ئیمپراتۆریانەیان هەیە و ناتوانن و نایانەوێت لەناو سنووری دەوڵەت نەتەوەکەی خۆیاندا داسکنێن، ئەو دەوڵەتانەی ڕاستەوخۆ دەستدەخە ناو کاروباری دەوڵەتەکانی ترەوە، بە تایبەتی ناو کاروباری دەوڵەتە فاشیلەکانەوە، ئەو دەوڵەتانەن کە لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەوە لەم ناوچەیەدا لە بەهێزبوون و پەرەسەندندان. نموونەی ئەمانەش، بە پلەی یەکەم، تورکیا و ئێران و دوای ئەوانیش سعودیە و قەتەر و ئیماراتن. لە دۆخی تورکیا و ئێراندا دین ڕۆڵێکی سەرەکیی دەبینێت، شیعیزم لای ئێران و سونیزم لە فۆرمی عوسمانیزمی نوێدا لای تورکیا.. دەوڵەتە فاشیلەکان ئەگەر و توانای دەستدرێژیکردنی ئەم دەوڵەتە ئیمپراتۆریانە گەورەتر دەکەن و زەمینەی پەلاماردان و پیلانگێریان بۆ دەڕەخسێنن.

(٢)

ئەو دۆخەی لەسەرەوە باسمکرد هاوشانە بە دروستبوونی دیاردەیەکی دیکە لەناوچەکەدا، دیاردەی دروستبوون و هەڵتۆقینی هێزی "پرۆکسی"ە لەناوچەکەدا. ڕەنگە باشترین وەگێرانێک بۆ هێزی پرۆکسی بە کوردیی "هێزی بەکرێگیراو"بێت. ئەمانە ئەو هێزانەن کە لەناو سەرزەمینە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکەی خۆیاندا کار بۆ یەکێک لەو دوڵەتە دەرەکییانە دەکەن کە خەون و پلانی ئیمپراتۆریانەیان هەیە. نموونەیان حیزبوڵای لوبنانی و حوسییەکان و یەکێتی نیشتیمانی لە پەیوەندییاندا بە ئێرانەوە. جەبهەی نوسرە و داعش و پارتی و بڕێکی زۆر لە هێزە سونیی و ئیسلامییەکانی دونیای ئێمە، لە پەیوەندیاندا بە تورکیاوە.
ئەم هێزە پرۆکسیانە، هێزی بریکارن و لەباتی و لە قازانجی هێزە ئیقلیمییەکان لەناوخۆی وڵاتەکانی خۆیاندا کاردەکەن. لە ڕاستیدا زۆرجار بەپێی خواست و ویستی ئەو دەوڵەتە ئیقلیمیانە کاردەکەن. دەشێت لێرەدا دووجۆر هێزی پرۆکسی لەیەکتری جیابکەینەوە. یەکەمیان پرۆکسی فرسەت تەڵەبی سیاسین. دووهەمیان پرۆسکی و دینیی و ئایدیۆلۆژین.

(٣)


لەهەرێمەکەی ئێمەدا و لە پەیوەندیدا بە تورکیاوە پارتی نموونەی ئەو هێزەیە کە وەک پرۆکسی تورکیا کاردەکات، دوای ئەویش بڕێکی زۆری ئیسلامییەکان. پارتی پرۆکسیەکی فرسەت تەڵەبی سیاسییە و ئیسلامییەکان پرۆکسییەکی مەزهەبیی و ئایدیۆلۆژیی.پارتی لە دوای کەوتنی ڕژێمەکەی سەدام حوسەینەوە بەرژەوەندی ئابوریی گەورە و هەمەجۆری لەگەڵ تورکیادا دروستکردوە و ئەم بەرژەوەندییانە ئەم هێزەی گۆڕیوە بۆ گورادنێک لە گوردانەکانی سوپای تورکیا. ئیسلامییەکانیش بەرژەوەندیی دینیی و ئایدیۆلۆژییان لەگەڵ تورکیادا گوریونی بۆ پرۆکسییەکەی مەزهەبیی و ئایدیۆلۆژیی. پارتی لە ڕێگای تورکیاوە قازانجە مادییەکانی دەپارێزێت، ئیسلامییەکان تورکیایان کردوتە کەعبەیەکی ئایدیۆلۆژیی مەزهەبەیی. ئەم دۆخەی سەرەوە وادەکات هەم پارتی و هەم ئیسلامییەکان لە دۆخی پاساوهێنانەوەیەکی بەردەوامدا بن، بۆ هێرش و پەلامارە داگیرکەرانەکانی تورکیا بۆسەر هەرێم. یان لە دۆخی کاری پێکەوەیی و هاریکاریکردنی تورکیادابن لەو پەلامارانەدا و بەهیچ جۆرێک نارەزاییدەربڕین، چ جای بەرەنگاربوونەوەی سوپای تورکیا، لە قاموسی هیچ یەکێک لەو دوو هێزەدا بوونی نەبێت.

(٤)

لە دۆخێکی لەو بابەتدا چیدەکرێت؟بە بۆچوونی من لە ئاستی ناوەکیدا هەوڵدان بۆ دانوسانێکی ناوەکی هێزە کوردییەکان لەگەڵ یەکدا و ڕێکەوتن لەسەر لانی هەرە هەرە کەمی کاری پێکەوەیی. واتە ئەنجامدانی ئەو کارەی لەسەردەمی ئەحمەدی خانییەوە کورد هاواری بۆ دەکات. دووهەم، هەوڵدان بۆ جوڵاندنی عێراق بۆ بەرگریکردن لە سەرەوەی نیشتیمانی خۆی. سێیەم، چالاککردنەوەی ئەو پەیوەندییە دەرکییانەی کوردانی دەرەوە هەیانە و ئاگادارکردنەوەی ئەو لایەنانەی دۆستی کوردن و دەتوانن لەناو ئەوروپا و ئەمریکادا جوڵەیەک دروستبکەن.

ئ.م

سایتی هەواڵی ڕۆژ



# بورهان شێخ رەئوف: سیاسەتی دیپلۆماسیانەی عیراق بۆ ناوبژیوانی لە ناوچەکەدا



پێگەی جیۆسیاسیی عیراق ئەو رۆڵەی پێ دەدات، کە ژمارەیەکی گرنگ بێت لەناوچەکەدا. هەرچەندە ساڵانی رابردوو بەهۆی ململانێی ناوخۆیی و شەڕی تیرۆرەوە تا رادەیەك ئەو بوارەی بۆ نەدەڕەخسا، بەڵکو خاکەکەیشی ببوو بە گۆڕەپانێك بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکان.

رۆڵی مام جەلال

هەوڵەکانی عیراق لەسەردەمی سەرۆکی کۆچکردوو مام جەلالەوە دەست پێ دەکات، کە ناوبژیوانی کرد بۆ هاتنە ئارای ئاشتەوایی لە تورکیا، لە نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا لە ساڵی 2012دا، کە ئەوەش دووەم هەوڵی مام جەلال بوو دوای هەوڵی بۆ ئاشتی لەنێوان تورکیا و پەکەکە لە سەرەتای نەوتەکاندا. ئەگەرچی ئەو پرۆسەیەش بۆ چەند ساڵێك درێژەی کێشا، بەڵام لەئەنجامدا بێ ئاکام بوو. هەروەها هەوڵەکانی عیراق ژینگەی گونجاوی رەخسان بۆ نزیککردنەوەی دیدو بۆ چوونەکانی تاران و ریاز، کە ئەوەش وایکرد لە 10ئازاری 2023 دا ئەو دوو وڵاتە بگەنە رێککەوتن، حکومەتی عیراق هەوڵی دیپلۆماسی تریشی دا، بۆ نزیککردنەوەی بیروبۆچوونەکانی هەردوو وڵاتی ناوچەکە تورکیا و سوریا. مەبەستی سەرەکی دیپلۆماسییەتی ناوبژیوانی عیراق، ئارەزو و خواستی بەغدایە بۆ بەهێزکردنی پێگە و هەژموونی خۆی لە رووی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەوە.

ئامانج لەم هەوڵانە

دیپلۆماسییەتی ناوبژیوانی عیراق، مەبەستی سەرەکی لێی، ئارەزو و خواستی عیراقە بۆ بەهێزکردنی پێگە و هەژموونی خۆی لە رووی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەوە، هەروەها مەبەستی سوودوەرگرتنە لەم هەنگاوانە بۆ جێگیر کردنی زیاتری سەقامگیری و دوورخستنەوەی کێشە و پشێوییەکان لە عیراق، لە لایەکی تریشەوە دیپلۆماسیەتی عیراق هەوڵێکە بۆ دامەزراندنی سستمێکی ئیقلیمی نوێ بۆ ئەوەی کۆمەك و هاریکاری نێوان لایەنە سەرکییەکانی ئەم ناوچە زاڵ بێت، بەسەر ململانێ و دووبەرەکی و کەمکردنەوە و پووکانەوەی گرژییەکانی لەنێوان وڵاتانی ناوچەکە کەتا ئێستا بوونیان هەیە، ئەم هەنگاوەش بە دڵنیاییەوەو لێکەوتەی باشی بۆ عیراق و وڵاتانی تری ناوچەکە دەبێت، سەرەڕای ئەوانەش هەوڵدانی عیراقە بۆ پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان هاوبەشە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان بە تایبەتی ئەمریکا و ئێران کە عیراق پەیوەندیی باشی لەگەڵ هەردووکیاندا هەیە.

لە رووی ئابوریشەوە عیراق سوودمەند دەبێت لە و پەیوەندییە ئابووری و ئاڵوگۆڕە بازرگانییەی کە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا هەیەتی، چ لەگەڵ تورکیا کە ساڵانە سەرووی 15 ملیار دۆلارە و ئێران و ئەمریکا و عەرەبستانی سعودیە و سوریا و وڵاتانی تری کەنداو.

بەربەستی گەورەی بەردەم عیراق

لە کۆتاییدا، سەرەڕای ئەوەی عیراق هەندێك بنەمای گرنگی تێدایە، کە بەهۆیەوە دەتوانێت ئەو رۆڵە ببینێت، لەهەمبەر ململانێ ئیقلیمییە ئاڵۆزەکانی ناوچەکە، بە تایبەتی دوای سەرکەوتنەکانی سەرۆك محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیران لەو بوارەدا لە دۆسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا، بەڵام هێشتا ئاڵەنگاری گەورە لە عیراقدا هەیە، لە پێش هەموویانەوە، ئاڵۆزی سیاسیی ناوخۆی عیراق و پەیوەندیی و مەیلی هەندێك لایەنی عیراقی بۆ لایەنی دەرەکی، کە بەربەستی گەورەن لەبەردەم عیراق بۆ ئەوەی رۆڵی بەهێزتر ببینێت.

وتاریکورد

## ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق

“لەشکرکێشی تورکیا بۆ هەموو عێراقییەکان جێگای نیگەرانییە، ترسیشمان هەیە کە ببێتە سەرەتای کۆنترۆڵکردنی ناوچەیەکی بەرفراوانی هەرێمی کوردستان”

◈سائیر مەخیف رایگەیاند "تورکیا لە مانگی حوزەیرانی رابردووەوە دەستی بە ئۆپەراسیۆنی داگیرکاری کردووە کە گەورەترین ئۆپەراسیۆنە لە ماوەی ١٠ ساڵدا، لە سەرانسەری ٤ ناوچەوە بەرەو دهۆک بەردەوامە لە بۆردومان و ئۆپەراسیۆنەکانی ئاسمانی و تۆپخانە، کە بووەهۆی ئاوارەبوونی سەدان خێزان و زیانگەیاندن بە دەیان گوند و چۆڵبوونیان".

◈دەشڵێت "لەشکرکێشی تورکیا بۆ هەموو عێراقییەکان جێگای نیگەرانییە، ترسیشمان هەیە کە ببێتە سەرەتای کۆنترۆڵکردنی ناوچەیەکی بەرفراوانی هەرێمی کوردستان، لەرێگەی رێککەوتنێکی سیاسی شاراوە لەگەڵ هەندێک لایەن، بەتایبەتی لەبەر رۆشنایی ئەو بێدەنگییەی کە پرسیاری زۆر دروست دەکات."

◈ئاماژەی بەوەشکرد، "کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی عێراق و دامەزراندنی بنکە و وێستگە و ئاوارەکردنی خەڵک هێڵی سوورە و سەروەری نیشتمانی پێشێل دەکەن، ئێمەش قبوڵیان ناکەین".

◈هەروەها جەختیشیکردەوە " لە ژێر رۆشنایی چاودێریکردنی ئەنقەرە بۆ هەڵوێستەکانی عێراق، سوود لە نەبوونی وەڵامدانەوە وەردەگرێت."

◈مەخیف رایگەیاند کە ئەوەی تورکیا دەیکات سێگۆشەی بڵێسەدار دروست دەکات، بە ئاماژەدان بە ناوچەکانی دەوروبەری دهۆک کە خەڵک لە رووی ئاوارەیی و وێرانکاری و ئاژاوەگێڕییەوە باجەکەی دەدەن. ئاماژەی بە "پێویستی گرتنەبەری هەموو رێوشوێنێک کرد بۆ پاراستنی زەوی و زار و خەڵک و رێگریکردن لەوەی ئەو ناوچانە بە بیانووی شەڕکردن ببنە گۆڕەپانی ململانێی ناوچەیی و نێودەوڵەتی".

◈زانیاریەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لەشکرکێشیەکانی ئێستای تورکیا بۆ ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بە رێککەوتن و هەماهەنگی لەگەڵ بەغدا و هەولێر بە تایبەت لە سەردانەکەی رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا بۆ بەغدا چەند مانگێک لەمەوبەر بووە.



# بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان بەختیار مستەفا




1957 لەسلێمانی لەدایکبووە.
- 1980 ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدا تەواوکردووە.
- 1980 بووەتە مامۆستای پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی.
- 1998 -2000بۆتە مامۆستای کۆلیژی هونەری زانکۆی سلێمانی.
- 1991بەشداری دامەزراندنی یەکەم گروپی شێوەکاری کردووە بەناوی کۆمەڵەی هەشت لەسلێمانی.
- 1978/7/5 یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لەباخچەی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی کردۆتەوە.
- 1979/12/11 دووەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدا کردۆتەوە.
- 1980/4/26 سێیەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد لە بەغدا.
- 1981/12/24 چوارەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی سورکێو-سلێمانی.
- 5/3/ 1986 پێنجەمین پیشانگەی تایبەتی لەگەلەری سلێمانی.
- 1991/7/26 شەشەمین پیشانگەی تایبەتی لەباخچەی هەڵەبجەی شەهید.
- 1995/4/3 حەوتەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی سورکێو- سلێمانی.
- 1997/6/25 هەشتەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی گەلەری سلێمانی.
- 1998/1/14 نۆیەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.
-2001/5/11 دەیەمین پیشانگەی تایبەتی لە گەلەری سەنتەری ڕۆشنبیری کولتورستەی شاری چروم- تورکیا
2002/10/1 یانزەمین پیشانگەی تایبەتی کتێبخانەی گشتی شاری چروم- تورکیا.
2006/12/1 دوانزەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی مارکێتی پازارستان.
1973-2001 بەشداری زیاتر لە 32 پیشانگەی هاوبەشی کردووە لە (سلێمانی، بەغدا، ئیتاڵیا، هەولێر، ئەڵمانیا، لەندەن، کەنەدا، هۆڵندا، تورکیا).
- پێنج جار مەدالیاو خەڵاتی هونەریی پێبەخشراوە..
- تا 1995 هەموو خولەکانی گەلەری زاموا بەشداریکردووە.
- خاوەنی چەندین نووسینی هونەرییە لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا.











# ڕەنگی خەم

## ئازاد مارف




چەند ساڵێکە بۆ ئەوەی خۆم بناسمەوە
هەموو کوچە و شەقامەکان لە چاوما کۆئەکەمەوە
لە سەرو سیمای ڕێبواران وردئەبمەوە
هەر کەسێک دێت ئەڵێم خوایە
خوایە با ئەمەیان من بم...دەمێکە تینوی ڕوی خۆمم
با بە خۆم شادببمەوە و لە دیداری خۆما ونبم
لە بوون بێزار هێند ناحەز و هێندە شەرمن
نە لە دۆست و نە لە دوژمن هیچ کەسێ خۆی ناکا بە من
نیگام بەرز بەرز ئەکەمەوە...سەر ئەخەمەوە سەردڵم
لەسەر نەخشی ساردی بێدەنگیم ئەخەوم
هەستم پوچەڵ ئەکەمەوە...تێر تێر تەنیاییم ماچ ئەکەم
خەیاڵم وشک ئەکەمەوە
میلی نەفرەت لە ئارەزووم ئەهێنمەوە
گۆڕ بۆ نەزەرم لێئەدەم...ئەڕۆمە نێو ژوری چۆڵی عەدەمەوە
پێشنیارێک بۆ هۆشم ئەنوسمەوە...سفرێکی ماندو وەرئەگرم
بەسەر پشتی تێکشکاوی قەدەرما ئەگەڕێمەوە
بێبەشیم ئەگرمە باوەش...بەبێڕەنگی سەیری ئاسمان ئەکەمەوە
چارەنوسم لەت لەت ئەکەم...دڵنیام کە جارێکی دی
ڕەحمەت نایە بە پیرمەوە
گوڵێ ناڕوێ بە سەحرای ئەندێشە و فیکر و بیرمەوە
هەرچەندە من لە خۆم دورم...بەڵام چیبکەم
بەردێ سورم نەخستە سەر مەڵۆی شیعرم
شانازیم کرد کە تێرم نەخوارد لە عومرم
بەلای بێدەربەستی تۆوە دانیشتم و سپی بووم و پیر پیر بووم و تێر
تێر بۆ گەنجێتیم گریام
بۆ قومێ لە لێوی سوری ڕازیبوونت چل ساڵ لەسەر یەک ڕاوەستام
سی ساڵ سوتام...دەیان گەردون بە شوێن نەهاتنتا گەڕام
ئای گەمژەییم چەند بە خێرایی گەورە بوو
چەند بە قورسی لە بێهودەییا ژیام
یەک کەسم لە خۆما نەهێشت...لە دواجارا خۆم لە نێو خۆما دەرکرام
خۆ تۆ ئەتزانی چەند تەنیام...جگە لە ڕەنگ کردن بە خەم
چ مەرهەمێ ترت لێدام...چەندین ساڵی ڕەش و سپی لە دوری خۆتا
فڕێتدام
هیلاکیت نەخوێندمەوە...چڵێ حورمەتی بۆنخۆشت نەدا لە بەرۆکی
بوونم
نەتئەزانی چەندە سەختە لە دەست چوونم
ئاسان نەبووم کە بە سانایی کەوتمە نێو دەستی تۆ
گرێ شینی بێدوکەڵ بووم هەمیشە بۆ سۆراخی تۆ
ئاخ نازانم چیم بەسەر هات...نە سەدای مژدەی قەدەر هات
نە من لێمهات لەسەر پەلی بەرزی خۆزگەم دڵم پرکەم لە پێکەنین
هەمیشە دەستم تەڕ ئەبوو بە چەمەر و بەگەرمە شین
ئێستاش هێندەی گریانی خۆت من گلەییت بۆ ئەنێرم
خۆ عومریشم پێنەماوە تا ڕۆژی تۆی پێبژمێرم
هەر وەکو خۆت منیش ئاوری تۆم ناوێ
بڕۆ بە خوات ئەسپێرم.









| جۆری خانوو | نرخی یەکە | پێشەکی | قیستی مانگانەی ساڵی 2،1 | ساڵی 3،2 | قیستی مانگانەی ساڵی 4،3 | کلیل | قیستی دوای کلیل |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەک قاتی 1 نوستن ئاسای 150م | $75,000 | $5,000 | $450 | $9,000 | $850 | $9,000 | $246 |
| یەک قاتی 1 نوستن ئاسای 165م | $81,000 | $6,500 | $550 | $8,000 | $850 | $9,000 | $332 |

| جۆری خانوو | نرخی یەکە | پێشەکی | قیستی مانگانەی ساڵی 2،1 | ساڵی 3،2 | قیستی مانگانەی ساڵی 4،3 | کلیل | قیستی دوای کلیل |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەک قاتی 2 نوستن ئاسای 150م | $83,000 | $7,000 | $500 | $10,000 | $850 | $10,000 | $284 |
| یەک قاتی 2 نوستن ئاسای 165م | $89,000 | $6,500 | $600 | $10,000 | $950 | $10,000 | $319 |

| جۆری خانوو | نرخی یەکە | پێشەکی | قیستی مانگانەی ساڵی 2،1 | ساڵی ۳،۲ | قیستی مانگانەی ساڵی 4،3 | کلیل | قیستی دوای کلیل |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دوو قاتی ئاسای 150م | $107,000 | $10,000 | $600 | $10,000 | $1,100 | $10,000 | $546 |
| دوو قاتی ئاسای 165م | $127,000 | $15,000 | $650 | $10,000 | $1,150 | $15,000 | $600 |



SHARI SHARAN
RESIDENTIALS

شاری شاران

پێکدێت لە 458 یەکەی نیشتەجێبوون

شوقە و خانوو بە رووبەری جیاواز لەخۆدەگرێت

لەسەر رووبەری 71،000م² دروست دەکرێت

دەکەوێتە سەر شەقامی سەرەکی قولەڕەیسی تەنیشت شاری شاد

پرۆژەکە لە سەوزای پێکدێت 25٪

Qularaisi - Sulaimani - Iraq
3939 441 0770 - 3838 441 0770


YADNAMA
# یادنامە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری
گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی
(مێژوو ، کەلتور ، زمان ، منداڵان ،
یادەوەری پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لەخۆدەگرێت.
سەرنوسەر و خاوەنی ئیمتیاز: سەرکەوت محەمەد فەتاح
(سەرکەوتی جیهاز)
دەستەی نوسەران
ڕەووف محەمەد ئالانی
بەختیار شارەزوری
https://www.facebook.com/groups/3114992011918760/?ref=share&mibextid=NSMWBT
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان




sarkawt_47@hotmail.com
0031615852703
Raufalanny3018@gmail.com
009647701553018
sharazwri@gmail.com
009647701961087

